

# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

دۆسیەی ژمارە" عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان"

## هەریەك لە بەڕێزان بەهزاد موحسین و سادق عەزیز بەشداریان تیادا کردووە..

لاپەرەکانی 9-10-11

ساڵی پێنجەم ژمارە(110) بەرواری 15–11–2021

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

مانگی دووجار، لە (١)و (١٥) هەموو مانگێکدا دەردەچێت

## وتەی ژمارە

### هەلومەرجی سیاسی تازەی عێراق و کاریگەری لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەت!

ن/ سەرنووسەر

دوای هەڵبژاردنی پیش وەختەی عێراق، پرسی پیکهیانی حکومەت لە ئێستادا سەرەکیترین پرسی سیاسی کۆمەڵگەی عیراق و بزوتنەوە کۆمەلایەتییە بۆرژوازییەکانیەتی. سەرجەم رەوتە بۆژوازییەکان بە قەومی و دینیەوە، بەسونی و شیعیەوە، بە کورد و عەرەبەوە، بە گەورەو بچوکەوە... بەدوای ئەوەوەن جێگای خۆیان لە حکومەتی ئایندەدا بگرن و بەشیان پێ ببڕێت. پیکهێنانی حکومەتی عیراقیش گەلێک کۆسپ و لەمپەری گەورەی دەرەکی و ناوخۆیی لەبەردەم دایە و ناتوانرێت لە پرۆسیسیکی ئاسایی و کورت مەودا، پێک بێت.



حکومەتەکانی پێشووش کە پێکهاتوون بەهەمان رێرەوی سەختی و گرفت ئامێزدا تێپەڕیوون... سەرجەم ئەو حکومەتانە کە پێکهاتوون، کەمترین رۆڵ بەدەست هێزە سیاسیە ناوخۆیەکانەوە بووە و ئەوەی پرسی پیکهێنانی حکومەتی یەکلاییکردۆتەوە هیزە دەرگیرەکانی دەرەوەی عیراق بوون، واتە هیزە دەرەکی و ناوچەیەکەیان بەسازش و سازان لەگەڵ یەکتری و جۆری ئەو حکومەتە و بەشەکان، پێکهاتوون و پاشان هیزە ناوخۆیەکان، بە ئەندازەی دووری و نزیکیان لە هیزە دەرەکیەکان، بوونەتە نوێنەری بۆچوونی لایەنە دەرەکیەکانیان تا لەو ڕێگایەوە لە حکومەتدا شانسی بەش پیبرانیان هەبێت و هاوکاتیش خواست و ویستی ئەوان پەیرەوی بکەن.

هەروەها ئەوەی کەمترین حسابی بۆ کرابێت و لەبەرچاوگیرابێت، رۆڵی دەنگدەران و ئاکامی هەڵبژاردنەکان بووە و حکومەتیش هەمیشە لەچاو هیزی حزبە میلیشیاکاندا، رۆڵی لاواز و لە دۆسیەدا چارەنووسازەکاندا بێ ڕۆڵ بووە.

دیارە تا عێراق مەیدان و سەکۆیەک بۆ یەکلاییکردنەوەی ململانێی جیهانی و ناوچەییەکان بێت، نە هیچ هەڵبژاردنێک دەتوانێت بە پرۆسیسی ئاساییدا بەڕێوە بچیت و نە هیچ حکومەتیکیش بە شیوەی یاسایی وەکو بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان و ئاکامی دەنگەکان یەکلایی دەکرێتەوە.

پیکهێنانی حکومەتی داهاتوو، لەگەڵ بۆ لاپەڕە 2

## تراژیدیای سەر سنورەکانی بیلاروسیاو پۆڵەندا، ڕیشەی لەتراژیدیای ناوخۆدایە!!



تراژیدیای سەرسنورەکانی بیلاروسیان و پۆلەندا، و گیرخواردنی هەزاران ئینسان بۆ گەیشتن بە گۆشەیەک و ولاتێکی ئارام کە ژیان و کەمێک ئارامی و ئاسودەیی تیابێت، نیشانەی ئەو پەڕی دڵرەقی نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵاتە نۆکەر پیشەکانیانە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.

بۆ لاپەڕە 3

## ژەهری گومان!!

ژەهر خواردکردنی بەشێک لە بەرپرسانی یەکێتی بۆتە پرسی رۆژ و بەپێی سەچاوە راگەیاندنەکانی باڵی دەستڕۆشتووی یەکێتی ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئەو حزبە لەپێش هەشتی تەموز و دواتردا ژەهر خوارد کراون.



ئەم هەواڵانە کە باسی ژەهرخواردنی ئەو بەرپرسانە دەکەن، بەر لەهەموو شتێک ئاماژەیە بۆ دارمانی هەموو مۆراڵ و بەهایەکی ئینسانی و لەناوخۆی یەکێتیدا... دیارە کارنامەی بزوتنەوەی کوردایەتی خاڵی نییە لە تەسفیەی و سرینەوەی جەسەدی و دەستبردن بۆ سوکترین و نائینسانیترین شیوازی لەبەینبردن و سوکایەتی پێکردن، بەڵام ئەوەی بەو ئاستە ئاشکرایەو لەناوخۆی یەک بۆ لاپەڕە 3

## ژمارەیەك لە چالاکوانی سیاسی و جەماوەری و نووسەر و رۆژنامەنووس و لایەنگرانی ئازادی و مافەکانی ئینسان کەمپەینێك بۆ ڕێگری لەئەگەری ڕادەستکردنەوەی هەڵسوڕاوانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەکۆماری ئیسلامی ئێران، ڕادەگەیەنن...

ل3



لەم ژمارەیەدا ئەم بابەتانەش دەخوێننەوە:

* نەوەی نوێ لەکۆمپانیاوە بۆ حزب سازی.........................................ل4
* سیناریۆی دادگاییکردنی گیراوەکانی بادینان، درێژەی هەیە...............ل5
* خەباتی شۆرشگێری بۆ ڕماڵینی فاشیزمی بنەماڵەیی........................ ل6
* کۆماری ئیسلامی، پەرەپێدەر و زەمینەخۆشکەری بکوژی ژنانە...........ل7

پرسی رۆژ ل5

پرسی ژن ل7



گۆشەی ئەدەب و هونەر ل8

## درێژەی وتەی ژمارە

چەندین روداو و پرسی تازە بەرەو ڕووە، کەلە پیکهێنانی حکومەتەکانی پێشوودا، ئامادەیان نەبووە. لەوانە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە لە ساڵی ٢٠١٩ دا، خۆی نمایش کرد. بریاری چونەدەرەوەی هیزە سەربازی و مەیدانییەکانی ئەمریکا. لێکترازانی خانەوانەی بۆرژوازی شیعی و رەوینەوەی خۆشباوەری جەماوەری پێیان. هەرکام لەم پرسانە کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر پرسی سیاسی عیراق بەگشتی و پیکهێنانی حکومەت، بەتایبەتیدا هەیە.

پیکهێنانی حکومەت بەبێ لەبەرچاوگرتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کە لەسەرتاسەری عێراقدا هەیە، لەسەرەتاکانی کاری حکومەتدا، حکومەت دەخاتە بەردەم شەپۆلێکی تر لە بزوتنەوە و تورەیی چینی کریکار و جەماوەری بێبەشی عێراق... بۆیە حکومەت ناچارە ئەگەر بەشێوەی روکەشیش بووە، دەست ببات بۆ هەندیک هەنگاو، بەڵام ئەمەش خۆی دەرگیرە لەگەڵ گرفتی بناغەیی تر کە ریشەی لە پیکهاتەی رەوتە سیاسیە بۆرژوازییەکان و ناکۆکی نێوانیان دایە... زۆرێک لەو هێزانە دزی و تالانی بوونی میلیشیایی تایبەتی خۆیان بۆتە تایبەتمەندیان و هاوکات رێگایەک بۆ مانەوەیان، ئەگەر دەست لەدزی وتاڵانی هەڵبگرن و دەست ببەن بۆ کەنارخستنی هیزە میلیشیایەکانیان، توشی پاشەکشە و دارمان دەبن و بۆیە چاوەروانی لەوەی چاکسازی بکەن یان بیانەوێت بەشیک لەخواستەکانی جەماوەری نارازی جێبەجی بکەن، بەکردەوە زۆر لەوە سەختر ەکە بە بەڵێنی میدیایی رای دەگەیەنن.

پاشەکشەی هیزە سەربازییەکانی ئەمریکا، لەگەڵ خۆیدا هەلومەرجێکی تا ڕادەیەک تازە دێنێتە ئاراوە. دیارە پاشەکشەی هیزەکانی ئەمریکا وەکو هیزی داگیرکەر ئاستی کردەوە تیرۆریستیەکان کەم دەکاتەوە و ئەو هیزانەش کە کاری خۆیان بە دژایەتی ئەمریکا و بەرەنگاری لەگەڵ داگیرکاری پێناسەکردووە، ئەو چەکەیان لەدەست دەردێت... بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوانەدا پاشەکشەی ئەمریکا لە عێراق، ئەو هیزو لایەنە سیاسیانە وەکو براوە لە بەرامبەر ئەمریکادا دەخاتە ڕوو، وە بوار دەکاتەوە بۆ هیزو لایەنەکانی وڵاتانی ناوچەکە تا ڕۆڵی زیاتر لە دۆخی عێراقدا بگێرن و بۆ جێبەجێکردنی سیاسەت و ئامانجەکانیان دەست کراوەتر دەبن. دیارە کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق، چۆن بەسودی بزوتنەوە رەوتە دژە ئەمریکایەکان تەواو دەبێت، هاوکات بە زیانی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردە. بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد هەمیشە ئومێدی هەرە زۆری بە پشتیوانی ئەمریکا و غەرب بووە، نەمانی ئەو پشتیوانییە، هیزەکان و بۆرژوای کورد دەخاتە بەردەم دۆخێکی تازەوە و ڕۆڵیان لە عێراقدا لاواز دەکات، ئەمەش لەلایەکەوە بۆرژوازی کورد توشی سەرەگیژەو بێ ئاسۆی زیاتر دەکات و لەلایەکی تریشەوە ناچاریان دەکات زۆتر بچنە باوەشی بۆرژوازی عێراقی و ئاستی داخوازی و ویستەکانیان بێنە خوارەوە.

لێکترازنی ناوخۆیی خانەوادەی بۆژوازی شیعی، تا رادەی بلۆک بەندی بەرامبەر بەیەکتری و تەنانەت ئەگەری کاردانەوەی زبر لە نێوانیاندا... راستەوخۆ کاریگەری لەسەر سەرجەم بزوتنەوە شیعیەکان دەبێت و ڕۆڵی دەبێت لەوەی ناسیونالیزمی عەرەبی سونی لە پێگەیەکی باشتر بەهرەمەند بن، بەتایبەتیش کە کۆمەڵگە و جهانی عەرەبی لەرێگای چەند وڵاتێکی عەرەبییەوە لەهەوڵی ئەوەدان دەستێوەردانی خۆیان زیاتر بکەن لەعێراقدا و پشتیوانی فراوانتر بۆ بزوتنەوەی سیاسی ناسیولیست- سونەکان، دەستەبەر بکەن.

هەرکام لەو هۆکارە تازانە کە هەلومەرجی تازە هێناویەتە ئاراوە، پرسی پێکهینانی حکومەت سەختر دەکات و بەشێکی زۆری هیزە و بزوتنەوە سیاسیە بۆرژوازییەکان روبەرووی ئەزمەو سەرلێشواوی و سەرگەردانی دەکات. لەو نێوەدا پرسی دابینکردنی خواست و داوا رەواکانی جەماوەری بیبەشی عێراق، لەپێشیانەوە ئەمنیەت و ئارامی، هەلی کار و دابین بوونی خزمەتگوازرییەکان، سایەی دەستێوردانی دەرەکی، شەقاوەچیتی میلیشیاکان... وەکو پێشوو دەهێڵتەوە و ئاسۆیەکی رۆشن لە ژێر سایەی ئەو هێزانەدا بۆ جەماوەر و خواستەکانیان ناهێڵێتەوە.

ڕێگایەک بۆ جەماوەری عێراق و بەشی پیشرەو و ئاڵاهەلگری خواست و داواکارییە سەرەکیەکانی جەماوەری درێژەدانە بە خەبات و نارەزایەتی کە لەساڵی ٢٠١٩دا بەتوانایەکی زۆرەوە خۆی نمایش کرد و لە هەڵبژاردنەکانیشدا بە بەشداری نەکردن جارێکی وەڵامی تەسلیم نەبوون بە هیزە بۆرژوازییەکانیانی دایەوە و بەکردەوە ئامانجەکانی پشت هەڵبژاردنەکانی بەشکست کیشا. لەپیش هەموویانەوە ئامانجی پاشەکشەپیکردن بە نارەزایەتیە جەماوەریەکان و خامۆشکردنەوەی ئیرادەی خەباتکارانەیان و دەستهەڵگرتن لە خواستەکانیان و تەسلیم کردنیان بە ئاکامی هەڵبژاردنەکان و سەندنەوەی شەقام لێیان.

لەکوردستانیشدا بۆژوازی کورد، لەڕیگای هەڵبژاردنەکان و بە دەغدەغەدانی و هەڵخراندنی هەستی نەتەوەپەرستی، نەیتوانی جەماوەری نارازی کوردستان، بکاتە زەخیرەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و بەهیزکردنی پێگەی خۆی، بەپێچەوانەوە بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا بەو ئاستە بەرین و فراوانە، ئامانجی پشتی هەڵبژاردنەکانی بۆرژوازی کوردی بەشکست کێشاو هاوکاتیش پێداویستی بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقامی دوپات کردەوە.

بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لە ئێستادا بەجیا لەوەی رووبەڕووە لەگەڵ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بەرینوونەوەو فراوانبوونی لە داهاتوودا، هاوکات رووبەڕووە لەگەڵ دۆخی سیاسی عێراقی بەتایبەتیش لە ئەگەری بەکردەوەی کشانەوەی هیزەکانی ئەمریکا، کەناسیونالیزمی کورد بە بڕبڕەپشتی پشتیوانی خۆی لە عێراقدا دەزانی. هاوکات لێکترازانی زۆرتری ریزەکانی و ئاڵۆزییەکی ناوخۆی کە خانەوادەی بۆرژوازی کورد ڕووبەڕووی بۆتەوە، هێندەی تر دۆخی بزوتنەوەی کوردایەتی رووبەڕووی ئاڵنکاری و سەختی کردووە. بەتایبەتیش لەسەر ئاستی عیراق و ناوچەکەدا، رەوتی داکشانی بزوتنەوەی کوردایەتی تادێت زیاتر دەبێت.

ئەو دۆخە تازەیە چ لە عێراق و چ لە کوردستاندا، بوارو دەرەتانی تازە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بێبەش و نەدار دەدات، بە ئیرادەبەخۆبوونێکی زۆرترەوە درێژە بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و پرسی رامالّینی دەسەڵات بدات. دیارە لەو راستایەدا بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ پێشرەوی زیاتر و بۆ سەرکەوتنی گەورەتر، پیویستی بەوەیە بەسەر خاڵەلاوازاەکانی خۆیدا زاڵ بێت. نارێکخراوبوون، نەبوونی ئاسۆیەکی سیاسی رۆشنی هێڵ جیاکراوە لە نەریت و ئاسۆی بزوتنەوە بۆرژوازیەکان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا، نەبوونی رابەرییەکی سەراسەری کە بزوتنەوەی جیاجیا نارەزایەتیەکان هاوئاهەنگ بکات و بەپێی هاوسەنگی هیز کردەو هەنگاوی پیویست بگرێتە بەر... ئەمانە لەو خاڵە لاوازانەن کە دەبێ لەرێرەوی چونە پێشەوەی خەباتدا وەڵامی دروست و شیاویان پێبدرێتەوە. ئەم بزوتنەوەیە لەسەر ئاستی عیراق و کوردستاندا ئەگەر بەسەر ئەو لاوازیانەی خۆیدا زاڵ بیت. دەتوانێت بە ئامادەیەکی زیاتر و بە هێزی گەورەتر و رێکخراوتر دەربکەوێت، کە ئەمەش هیندەی تر رەوتە بۆرژوازییەکان لە دەسەڵاتدا بەرەو ئەزمەو لاوازی و کەنار دەبات و شانسی سەرکەوتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بۆ ژیان و گوزەرانی باشتردا، فەراهەم تر دەکات. دیارە ئەمەش بە بێ ئەوەی حزبی رابەرو شۆرشگێری چەپ و کۆمۆنیست ئامادەیی بەکردەوەو بەنەخشەی هەبێت، بەشوێنێک ناگات.

**ناوەراستی نۆفەمبەری ٢٠٢١**

**لەکوردستاندا بۆژوازی کورد، لەڕێگای هەڵبژاردنەکان و بە دەغ دەغەدانی و هەڵخراندنی هەستی نەتەوەپەرستی، نەیتوانی جەماوەری نارازی کوردستان، بکاتە زەخیرەی سەرکەوتنی هەڵبژاردنەکان و بەهێزکردنی پێگەی خۆی، بەپێچەوانەوە بەشداری نەکردنی خەڵکی کوردستان لەو هەڵبژاردنەدا بەو ئاستە بەرین و فراوانە، ئامانجی پشتی هەڵبژاردنەکانی بۆرژوازی کوردی بەشکست کێشاو هاوکاتیش پێداویستی بزوتنەوەی نارەزایەتی شەقامی دوپات کردەوە....**

# درێژەی...تراژیدیای سەر سنورەکان بیلاروسیاو پۆڵەندا، ڕیشەی لەتراژیدیای ناوخۆدایە!!

بەشێکی زۆری وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و بەتایبەتیش ئەو وڵاتانەی کراونەتە ناوەندی ململانێی باڵادەستی و ململانێی بلۆک بەندی و قوتبە جیهانی و ناوچەیەکان، بە تەواوەتی بەرەو نابودی براون، جەنگ و شەری بەردەوام، داگیرکاری، دەستێوردانی دەرەکی، نائارامی و لەپاڵیدا سەرکوت و بێمافی، نەبوونی هەلی کار، گرانی و برسێتی، ئەو هۆکارانەن کە دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی ناچار کردووە بەدوای لانەیەکی ئارامدا وێڵ ببن و هەر بەو مەبەستەش بەرەو وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕێگەی سەخت و هات و نەهات دەگرنە بەر.

تەنانەت بەشێک لەو خێزانەنەی خاوەنی لانی کەمی سەرچاوەی بژێوین و سەرمایەکیان هەیە، بەوهۆیەوە ناجیگری سیاسی بەردەوامەو ئاسۆیەک بۆ گێرانەوەی ئارامی نابینریت و ئایندەیەکی ڕۆشن ونە، ئەوانیش ناچارن ئەو ڕێگا سەختە بگرن... ئاخر لە شوێنێکی وەکو عیراق و کوردستاندا، کەسێک ئەگەر خاوەنی سەیارەو ماڵ و چەند دەفتەر دۆلارێکیش بیت، نەخۆشییەکی سەختی ئازیزیکیان بەسە بۆئەوەی لە ماوەی چەند مانگیکدا

هەموو سامان و ماڵیان خەرجی چارەسەری نەخۆشیەکانیان لە خەستەخانە ئەهلیەکاندا بکەن، بەهۆی شان خاڵی کردنەوەی دەسەڵات و حکومەت لەبیمەی تەندروستی و ویرانکردنی سلکی تەندروستیدا. جا ئەگەر ئەوە حاڵی خیزانە ژیان مام ناوەندەکان بێت، دەبێ چ چارەنووسێک روبەرووی خیزانە کریکاری و زەحمەتکێشەکان بێت.

لەونێوەدا خەڵکی کوردستان وەکو بەشێک لە ئۆردوی سەر هەڵگرتوو لەدەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی، بۆیە ڕێگای هات و نەهات دەگرن... ریگای بەردەوامی ژیانی ئارام و تەندروست و مافداریان، لێگیراوە. هەلی کار نییە، بیمەی بیکاری نییە، خزمەتگوازرییەکان بەرەو نەمانی تەواوەتی دەچن، هیشتا دوای ٣٠ ساڵ لەدەسەڵاتی بۆرژاوی کورد کیشەی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی چارەسەر نەکراوە، سەرکوتی سیاسی تادێت زۆتر دەبێت.

بۆیە ئەو تراژیدیایەی لەسەر سنورەکان دەبینرێت، بەر لەهەموو شتێک ریشەی لە سیناریۆی رەشی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەناوخۆی کوردستاندایە، تراژیدیای سەر سنورەکانی عیراق و تورکیا، تورکیا و یۆنان، بیلاروسیان و پۆلەندا، بەجیا لە مامەڵەی نائینسانی و بەرژەوەندی خوازانەی ئەو دەوڵەتانە، پەیوەندی بەو دۆخە جەهەنەمیەوە هەیە، کە دەسەڵات رووبەرووی جەماوەری و بیبەش و نەداری کۆمەڵگەی کوردستانی کردۆتەوە.

بۆیە تا ئەو دەسەڵاتە رەشانە رانەماڵرێن، ئاسۆیەک بۆ نان و ئارامی و دەستراگەیشتن بە ئازادی و مافەکانی ئینسان نییە و ریگایەک بۆ بەرگرتن بە جیهێشتنی کوردستان و هاوشێوکانی کورستان و عێراق... نییە

# درێژەی.... ژەهری گومان!!

حزبدا روویدات، پێشرەوییە لە زەمینەی تەسفیەی جەسەدی لەناوخۆی حزبدا بەدەستی هاورێ و هاوسەنگەر و هاوفکر و هاوخەباتی یەکتری. وە ئەگەر ئەمانە لەناوخۆی یەک حزبدا دەست بۆ ئەوشێوازە ناشیرین و قێزەونە ماوەبەسەرچووە لەباری میژوویەوە لەبەرامبەر بە یەکتریدا بگرنە بەر، دەبێ لەبەرامبەر بە کەسانی دەرەوەی حزبەکەیان و نەیارانی سیاسیاندا چییان لێ چاوەڕوان بکرێت... جگە لە ناوبردنیان بە ژەهری سەردەم و کۆمەڵگە...

دیارە هێشتا بەشێکی بەرینی جەماوەری کوردستان باوەر بەراستی هەواڵی ئەو ژەهر خواردنانە ناکەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە جەماوەری بێبەشی کوردستان هیچ متمانەیەکیان بە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی و کاراکتەرەکانی نەماوە. بۆیە ئەگەر هەموو بەلگەکانی ژەهرخواردنەکانیش بڵاوبکرێتەوە، ناتوانێت باوەری خەڵکی کوردستان بەو راستیانە لەق بکات، کە حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی لە سیناریۆ سازکردن و دۆرسازیدا، هێندە شکست خواردوون، کە ناتوانن باوەریان پێ بکەن.

خەڵکی کوردستان پرسی ئەو ژەهر خواردنانە بە سیناریۆ ناوخۆیی بۆ تەسفیەی نەیارانی سیاسی یەکتری لەناوخۆی یەکێتیدا، دەبینن و باوەڕیان بەراستی ئەو ژەهر خواردانانە نییە، تەنانەت وەکو نوکتە باسی ژەهر خواردنەکان دەکرێت و دەوترێت: لە هێنانی ژەهرەکەشدا گەندەڵی و دزی کراوە، و ژەهری ئیکسپایەریان هیناوە، بۆیە ژەهرەکان کاریگەریان نەبووە و هەموو ئەوانەی ژەهرخوارد کراون دوای هەفتەیەک وەکو بنیادەمی ساغڵەمی وەزشکار دەردەکەون.

حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کە ٣٠ ساڵ زیاترە تاڵاو و ژەهراوی دەسەڵاتدارێتی خۆیان بە ئاشکرا لە رێگای هینانی مواد و خواردن و خواردنەوە و دەرمانی ئیکسپایەرەوە، دەرخواردی خەڵکی کوردستان دەدەن، هیچ لەوە سادەتر نییە کە لە قوڵبوونەوەی ململانێی نێوخۆشیاندا، "ژەهری گومان" و ئیکسپایەر و تەنانەت ژەهری پاکەتی و تازە لەدژی یەکتری بەکار ببەن. بەڵام خەڵکی کوردستان باوەریان پێ ناکەن و میژووی درۆ و سیناریۆ سازیان، وای کردووە، راستییە بەڵگەنەویستەکانیشیان، بە ساختە و سیناریۆ لێوەربگرن.

# کەمپەینێك بۆ ڕێگری لەئەگەری ڕادەست کردنەوەی هەڵسوڕاوانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەکۆماری ئیسلامی ئێران...



ئێمە وەک کەسایەتی وهەڵسوڕاوانی سیاسی ومەدەنی ومافەکانی مرۆڤ .کەلەخوارەوە ناومان هاتووە ،داوا دەکەین لە:
سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان
دادگایی هەرێمی کوردستان
کە ڕاستەوخۆ ڕوونکردنەوە بدەن لەبارەی تیرۆرکردنی چەندەها هەڵسوڕاوایی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە لەباشووری کوردستان تیرۆر کراون بەڵام کەمترین لەبکوژانیان دادگایی نەکراون هۆکارەکەی بۆڕای گشتی ڕوون بکەنەوە .هەروەها پێویستە سەبارەت بە بێ سەروشوێن کردنی دوو هەڵسوڕاوی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە بەناوەکانی
١-سمکۆ بنفشی علی ٢-بهنا محمد عزیز .کە بەپێی زانیاری یەکانی بڵاوکراوە سمکۆ بنفشی علی ماوەی زیاتر لە هەشت (٨) مانگ بێ سەروشوێنە کەلایەن ئاسائیشی سلێمانی یەوە زیندانی کراوە بەڵام چارەنووسی نادیارە .بهنام محمد عزیز ماوەی زیاتر لەمانگێکە بێ سەروشوێنە کەئەویش لەلایەن ئاسائیشی سلێمانی زیندانی کراوە بەڵام چارەنووسی نادیارە .ئەوەی شیاوی باسە ئێمە لەڕادەستکردنەوەی ئەم دوو هەلسوڕاوە سیاسی یەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ترسمان هەیە هەروەک مستەفاسلیمی کەرادەستی کۆماری ئیسلامی ئێران کرایەوە دواتر زۆر بەداخەوە لەسێدارەدرا.
هەربۆیە ئێمە داواکارین بەزووترین کات چارەنووسی ئەم هەڵسوڕاوە سیاسی یانە ئاشکرا بکرێت و هۆکاری ڕاگرتنیان لەزیندان بۆڕای گشتی بڵاوبکرێتەوە و بەشێوەیەکی فەرمی پارێزەریان بۆدابین بکرێت ومافی سەردانی کردنی خانەوادە وکەسوکاریان پێ بدرێت .
ناوەکان:

# ئەوەی نوێ لەکۆمپانیاوە بۆ حزب سازی

**عەبدوڵا مەحمود**

کەم شوێن هەیە لەدنیادا، هێندەی جەماوەری کوردستان دەگیری دۆخی نائاسایی بێت. کەم جغرافیا هەیە هێندەی کوردستان پارچە پارچەکراو بێ ئاینده بێت. کەم شوێنیش هەیە هێندەی کوردستان حزبی سیاسی عەنتیکەی تیابێت.

زوربەی هەرەزۆری حزبە سیاسییە بۆرژوازییەکانی ئێستا بونەتە کۆمپانیا، کۆمپانیایەکی هەزار سەر بۆ وەبەرهێنان و تالانی، لە ڕێگای داسەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی و بەشداری لەدەسەڵاتدا.

پارتی و یەکێتی، گۆران... بەوێنەی سێ حزبی سیاسی بەشدار لەدەسەڵات... بەکردەوە بوونەتە کۆمپانیا و دوورو نزیک پەیوەندیان بە چارەسەری هیچ پرسێکی هاوڵاتیانی کوردستانەوە نەماوە، لەوەش زیاتر خۆیان بونەتە گەورەترین کۆسپ و ڕێگر لەبەردەم هەر هەوڵ و جوڵەیەکی تر لە پێناو کەمترین ئاڵوگۆر سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی. بازاڕ و هەموو جومگەکانی وەبەرهێنان و بەڵێندەرایەتی، پاڵاوگەی نەوت و بازرگانی، گومرگ و باج و سەرانە، دەروازە سنوورییەکان، تا دەگاتە دەستبەسەراگرتنی سەدان و هەزاران دۆنم زەوی و بۆ خانو باغ و کۆشک و تەلارەکانیان.

لەبەرامبەردا لەم هەموو تالانی و ڕاوروتە ئاشکرایە ئامادەنین بەشێکی زۆر ناچیزی بدەنە دەست هاوڵاتیان و بەرهەم هێنەرانی کۆمەڵگە، لە جیاتی ئەوە بەری دەسترەنجی کرێکاران و کارمەندان و جەماوەری بێبەش هەڵدەلوشن و لەو کری و موچە زۆر کەم و لیقرتینراوەش، دیسان دەدزن، نایدەن و دوای دەخەن... کەرتەکانی خوێندن و پەروەردە، تەندروستییان وێران کردووە، لەژێر چەپۆکی خۆیاندا بەرەوخنکاندنی تەواوەت ڕاپێچ دەکرێن.

ئەم حزبانە لەهەر جێگا و شوێنێک، تەنانەت لە یەک ژووردا، لە یەک دیناری چاپدا، لەیەک دەقە بەرهەم هێناندا، لەهەرە ژەمە خۆراکێکی هاوڵاتیاندا، لەیەک ساتدا و لەهەر جێگایەک بوونیان هەبێت، دەدزن و دەدوشن.

ئەم حزبانە لەم هەموو دزی و تالانی و بێ دەربەستیە، لەم هەموو خۆ بەخاوەن زانینەی سامان و داهاتی هاوڵاتیاندا، هێشتا هیچ بەرنامەو نەخشەیەکیشیان بۆ ئایندەی ئەم هەرێم و جغرافیایەی ژێر قەڵەمڕەویان نییە... تالانی و دزی، لەهەموو شتێک و لەهەموو ئاستێک و لەهەموو گۆشەیەک... بۆتە قیبلەنومای کاریان، حکومەت و پەرلەمان و دادگای حزبیان، میدیا و خێڵی کادری حزبی کاریان ڕەواپێدانە بەو دزی و تالانییە، خۆشیان بەشێکن لەم فەرهودە ڕاستەوخۆ و ڕەسمی و نارەسمیەی، کە هەر کەسێکی وێژدان زیندو دەیزانێت.

بەکردەوە ئەم حزبانە بوونەتە کۆمپانیاو بەکردەوەش خاوەنی هیچ بەرنامەو نەخشەی سیاسی و هەڵگری هیچ بژاردەیەک بۆ چارەسەری هیچ کێشە و گرفتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری ناوخۆیی دەرەکی نین.

لەو چوارچێوەیەدایە ئەو حزب و ڕێکخراو و جولانەوەی سیاسیانەی تر کە دێنە مەیدان و پێدەگرن، بەهەمان نەفەسی کۆمپانیا سازی خۆیان دەخەنە ڕوو، وە دەچنە بەرامبەرکێی حزبەکانی دەسەڵاتەوە. دیارە هەمووییان چ ئەوانەی لەدەسەڵاتن و چ ئەوانەیشی پێدەگرن و پێکدێن، وەبەرهێنان و بەهرەبەرداری لەمەسەلەو گرفت و کێشەکانی جەماوەری بێبەشی کوردستان دەکەن.

بزوتنەوەی گۆران و ئیسلامیەکان.... وەکو حزب و ڕەوتی سیاسی هاتن و ویستیان و هەوڵیاندا بگەنە دەسەڵات، زۆریان وت و زۆر بانگەشەیان کرد و خەونەکانی جەماوەری بێبەشیان لە بەرۆکیاندا، کە گەیشتنە دەسەڵات، بە قەبارەی خۆیان دەمیان ژەنییە داهاتی تاڵانکراوی خەڵکی بێدەرەتانی کوردستان و بوونە کۆمپانیای لوشدان و هاوبەش لەگەڵ دەسەڵاتی تالانچی پێشوو.

لە ئێستادا جولانەوەی نەوەی نوێ، بە سەرۆکایەتی بازرگانێکی ناو ملمڵانێی کۆمپانیا حزبیەکان، پێگرتوو لە کەشی گەندەڵستانی دەسەڵاتی سیاسی کوردستاندا، دەیەوێت بەرەو بەشداری دەسەڵات بچێت، تا زامنی دزی و تالانی بکات و زەمینەی فراوانتری بۆ دزی و تالانی بە نسیب بێت. حزبە سیاسیەکانی ناو خانەوادەی بۆرژوازی کورد، لە ڕێگا دەسەڵاتەوە بوون بە کۆمپانیا، ئەم جارە خاوەن کۆمپانیاکان دەیانەوێت ببن حزب و دوبارە کۆمپانیا سازی بکەن لە کەشێکی بەفەرمی ناسراوی ژێر سایەی دەسەڵاتی چەکداری میلیشیایی حزبیدا. بەم جۆرە حزب دەبێتە کۆمپانیاو کۆمپانیا بەرەو حزب هەنگاو دەنێت... هۆکارەکەشی ئەوەیە دەسەڵات و ڕادەی دەسەڵات، پێوەرە بۆ کاری کۆمپانیاسازی و دزی و بەرینترو ڕەسمی ترا!!

جولانەوەی نەوەی نوێ هیچ پرانسیپ و فۆرمێکی ڕێکخراوەیی و حزبی نییە، مەکتەب سیاسی و کۆمیتە و ناوەندی ڕێکخراوەی خۆجێی و لۆکاڵی نییە، ناوەندی لێپرسینەوە بڕیاردانی بەکۆمەڵی نییە... بەکردەوە سەرۆکی کۆمپانیاکان، کەسێک لەڕێگای داهاتێک کە لە گەندەڵستانی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیدا بەدەستی هێناوە، بەکەڵک وەرگرتن لە میدیایەک کەهەیەتی، دەیەوێت ببێتە کۆمپانیایەکی حزبی و لەو ڕێگایەوە، کاری کۆمپانیاسازی لە ئاستێکی فراوانتر و ڕەسمی تردا بەرەوپیش ببات و ڕێگریەکانی بەردەم بەرینبوونەوە و بڵاوبوونەوەی لاببات. بەپێچەوانەی هەموو حزبە سیاسیەکانی تری کوردستان و کاری حزبایەتی، ئەگەر سەرۆکی جولانەوەی نەوەی نوێ دەستی لەکارکیشایەوە جولانەوەکە دەمرێت، ئەگەر تورا، کۆتایی دێت... یانیش وەکو سەرجەم حزبەکانی تر جێگاکەی بەیەکێک لە خانەوادەکەی دەسپێردرێت و هەمان ڕێرەوی تەوریسی سیاسی تۆختر دەکەنەوە.

کاری سەرەکی ئەم جولانەوەیە بۆ ڕاکێشانی هاوسۆزی دەنگ سازی و گەیشتن بەدەسەڵات، خستنە گەڕی بەشێک لەو ئیمکانەتە فراوانەیە، کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی گەندەڵستانی کوردستاندا دەستی کەوتووە. لەو سەرمایە لەبەردەستیەتی ئاو دابەش دەکات، بەنزین وەکو کەمپەینێک بۆ چەند ڕۆژ هەرزان فرۆش دەکات، چەند دەبە نەوتێک دەداتە خێزانە کەم دەرامەتەکان، پردێکی داروخاو، بینادەنێتەوە، ڕێگایەکی کورتی ناچیز نۆژەن دەکاتەوە، چەندین ناوەندی خەیاتی و پیشەیی دەکاتەوە.... ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت کە یەکگرتووی ئیسلامی لەکاتی هاتنە مەیدانییدا لە ڕێگای کاری خێرخوازی و ئارد دابەش کردن و موچە برینەوە و کردنەوەی کۆرش بۆ منالانەوە، لەڕێگای ئەو داهاتەی لە وڵاتانەوە وەری دەگرت، دەیویست ببێتە هیز و دەستی لە دەسەڵات گیربێت...

نەوەی نوێ هەمان ئەڵگۆی کاری خێرخوازی و بە بەکارهێنانی بەشێک لە داهاتی کۆمپانیاکانی سەرۆکی جولانەوەکە، کە لەدزینی دەسترەنجی هاوڵاتیانی بێبەشەوە کەڵەکە کردووە دەکات، دەبەخشێتەوە بە هەندێک کاری ناچیز بۆ خەڵک... دیارە ئەو ڕەوشت و ئەڵگۆیە لە کاری سیاسیدا، بێپرادەکردنی ڕۆڵی جەماوەرە، بۆ شاردنەوەی شارەگکانی دزی و کەڵەکەی سەرمایەدارییە، بۆ دورخستنەوەی جەماوەری بەش مەینەتە لەدەستبردن بۆ کاری ڕێکخراو و خەباتکارانە. وە بەمانای وشە بۆ تێکشکاندنی ئیرادەی جەماوەرییە. هەر لەڕاستای ئەم ئیرادە شکاندندا، چەندین جار بۆ شکاندنی مانگرتن، خاوکردنەوەی تورەییەکان، نەوەی نوێ لەڕێگای ئەو ئیمکانیەت و توانەیەی هەیەتی، مانگتنی کرێکارانی بەشکست کێشاوە، تورەیی خەڵکی بۆ ئاو نەوت، لەڕێگای دابەشکردنیانەوە، خاو کردۆتەوە و بەهانای دەسەڵاتەوە چووە.

ئەم جولانەوەیە لەگەڵ ئەوەدا شانسی دورمەودای نییە، بەلام لەکورت ماوەدا و لە نەبوونی هێزێکی سیاسی ڕاستەقینە کە نوێنەرایەتی خواستە ڕەواکانی جەماوەری بێبەشی کوردستان بکات شانسی ئەوەی هەیە بەشێک لە جەماوەری نەدار و برسی بەشێوەی کاتی، لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە و بیانکاتە بەدەستهێنانی چەند کورسیەکی پەرلەمانی و خۆیشی ببێتە موچەخۆرێکی یاسایی!! لەدەسەڵاتدا، کە مانگانە چەند ملیۆن دۆلارێک وەربگرێت.

لەهەلومەرجی ئێستای کوردستاندا، بەکردەوە جەماوەری بێبەشی کوردستان لەگەڵ چەند دەسەڵاتێکی کۆمپانیایی بەرەورۆون تا دەسەڵات و حزبی سیاسی... ڕاستە ئەم حزبانە، دەرهاویشتەی بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی بۆرژوازی ناسیونالیستین و لەسەر زەمینەی بێمافی سیاسی خەڵکی کوردستان و خواستە ئابوری وسیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ئەوان و بە بانگەوازی ڕزگاریان هاتوونەتە مەیدان... بەلام دنیا واقعی و ئەزموونی بەکردەوەیان ڕوخساری چەند کۆمپانیایەکمان نیشان دەدات تا حزبی سیاسی. ئۆپۆزیسیۆنی ناو هەمان خانەوادە بەپچکەی هەمان بزوتنەوەی کۆمەڵایەتین. جەنگ و بەرامبەرکێیان بۆچوونە ناو دەسەڵات، بەرامبەرکێ و جەنگە بۆ کۆمپانیابوونی فەرمی و بەرینکردنەوەی دزی و تالانی.

جێگای سەرسامی نییە، ڕەوتێکی وەکو جولانەوەی نەوەی نوێ، باسی خۆپیشاندان و بەرگری لە ماف و قوتی خەڵک بهێنێتە گۆڕ. وەبەرهێنان لە نارەزایەتی جەماوەری لەدژی دەسەڵات بکات، چونکە بێ ئەو دروئیە، بێ ئەو بانگەشەیە، ناتوانێت سواری بەشێک لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەی بێت، ناتوانێت و شانسی گەیشتن بە کاروانی ملمڵانێی کۆمپانیا سازی لەهەرێمدا نابێت کە حزبە سیاسیەکانی تر دەی ئاژۆن.

بزوتنەوەی واقعی و نارەزایەتی بەرحەقی جەماوەری، لەدژی دەسەڵاتی سیاسی و بەکردەوە لەدژی ئەو کۆمپانیانەی لەڕێگای دەسەڵاتی سیاسیەوە پاوانی بازار و هەموو جومگەکانی تالانسازیان کردووە، ناتوانێت بەسەرکەوتن بگات، ئەگەر لەیەکەمین ڕاسانی خۆیدا، دەست بۆ بەسەرداگرتنی سامانی ئەو حزب و دەسەڵاتە سیاسی و بەرپرسەکانیان، لە حزب و حکومەتدا نەبات... ڕامالینی دەسەڵات هاوکاتە بەرامالینی چەند کۆمپانیایەکی حزبی دەسەڵاتدار، کە لەڕێگای ئەو دەسەڵات و هێزەی هەیانە، دەمیان ژەنیوەتە هەموو سامان و داهاتی ئێستاو داهاتووی کۆمەڵگەوە... بێگومان ڕۆڵی بنچینەیی و ڕابەری بۆ ڕامالینی دەسەڵاتی ئەو کۆمپانیایانەی کەهێشتا ناوی حزب و ئارمی حزبیان پێوەیە، ئەرکی بەشی پێشرەوی چینی کرێکار و جەماوەری تالانکراو و بێبەشی کوردستانە، کە خاوەنی ئەسڵی بەرهەم هێنان و سامان و داهاتی کۆمەڵگەن.

**ناوەراستی نۆفەمبەری ٢٠٢١**

**پرسی ڕۆژ گۆشەیەکە ئاراس ڕەشید هاوکاری سەرنووسەری بۆپێشەوە ئامادەی دەکات. هەوڵدەدات یەکێک لەپرسە گەرمە سیاسی یان کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بخاتە بەرباس لە ڕێگەی کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی شارەزا لەو بوارەدا...**

# لەم ژمارەیەدا دەشتی جەماڵ/ سکرتێری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی وەڵام بەپرسی ڕۆژ دەداتەوە



**دەشتی جەمال سکرتیری فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی... لە وەڵامی پرسی ڕۆژدا**

**پرس/ ناڕەزایەتییەکانی دوای هەڵبژاردن (فەرمانبەرانی گرێبەست، دەرچوانی زانکۆ، خوێندکارانی دەرچووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی و وەرنەگیرانیان لە زانکۆ و پەیمانگاکان...تاد) زنجیرەیەک ناڕەزایەتی لێکەوتەوە. ئایا هەموو ئەمانەو هەلومەرجی نالەباری ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و شێوەی بەڕێوەبردن و حوکمداری لە هەرێمی کوردستان؛ هۆکارن بۆ کۆچی بەکۆمەڵی ژنان و پیاوان و منداڵانی کوردستان بەرەو هەندەران و کارەساتی ئەم چەند ڕۆژەی پەنابەران لەسەر سنوری بێلارووس و پۆلەندا؟**

**دەشتی جەمال:** بەدڵنیایەوە ئەو هەلومەرجە قورس و نالەبارەی ژیان و گوزەرانی خەڵک، واقعێکی تاڵی ئەمرۆی خەڵکی کوردستانە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەحزابی کوردیدا کە جەماوەری بێبەش و بێمافکراوی نارازی کوردستان، هەمیشە بەشێوازی دەربرینی نارەزایەتی جۆراجۆر بەرامبەری وەستاوەتەوە. کۆڕەوی بەکۆمەڵی لاوان و ژن و مناڵ پیرو پەکەوتەش، نارەزایەتیەکە دژ بە حاکمیەتی یەکیتی و پارتی و بەردەوامی دۆخی سەرگەردانی سیاسی و ناسەقامگیری کۆمەڵگە و سیستەمێک کە ژیانی هاولاتیانی کوردستانی هاریوە. لەگەڵ بەرگری تەواوم لە ئازادی هەڵبژاردنی شوێنی نیشتەجێبوون و سەفەرکردن و شوێن گۆڕکێ و وەرگرتنی ئیقامە لەهەر وڵاتێک وەک مافێکی سەرەتایی بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام جێهێشتنی کوردستان لەدەست دۆخیک کە ئەم حزبە میلیشایانە بۆ خەلکیان خولقاندوە لەهەردوو زونەکەدا، ژیان و گوزەران ئایندەی خەلکیان خستۆتە ژێرکاریگەری و کۆنترۆڵی خۆیانەوە و شیرازەی کۆمەڵگەی مەدەنی و بنەمای ئابووری کۆمەڵگایان لەبەریەک ترازاندوە، وە کاریگەری لەسەر شێوەی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی و وەزعیەتی خەبات و نارەزایەتی جەماوەری داناوە، نارەزایەتییە جەماوەریەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکیش رووبەڕوی کۆسپ و ریگری بۆتەوە. کاتێک نارەزایەتی دەکرێت بەئاسانی ئەو دەسەلاتە سەرکوتگەر مل بەداخوازیەکانی ناداو راستەخۆ رووبەرووی سەرکوت و لولەی چەکی میلیشیای ئەو حزبانە دەبێتەوە، یان کونجی زیندانەکانت دەبێتە نسیب، تەنانەت ژیان و گوزەران و کارو تەعینات و سەلامەتی گیانیش بەستراوەتەوە بەوەی سەر بەیەکیک لەو حزبانە بیت، ئەمەسەرباری گرانی و بیکاری هەژاری نەبوونی هیج خزمەتگوزارییەک، نان و معیشەتی زوربەی خەڵکی کوردستان خراوەتە قورگی مستێک سەرمایەدارو بەرپرسی حزبی وکۆمپانیا کەرتی تایبەتیەوە، لەگەل ئەوەشدا لەنێو ئەو نارۆشنی نادیاریەدا بەناچار بەشێک لەخەڵکی ناچار بەجێهێشتنی کوردستانکردوە وەک کاردانەوەو ناڕەزایەتییەک دژ بە دەسەڵات و بەدۆخی ناهەمواری ژیان و گوزەران و نادیاری ئایندەیان، بەجیا لەوەی خەڵک ئازادە چ ریگایەک هەڵدەبژێرێت، بەڵام جێهێشتنی کوردستان بەهۆی هەلومەرجی سەختی ژیان و دەسەڵاتی رەشی بۆرژوازی کورد، بەرگریەکی نەرێنی و سلبییە، نەک ئەرێنی و ئیجابی. بەرگری ئەرێنی هەوڵدانە بۆ گۆڕینی دۆخەکەو بەهێزکردنی جولانەوەی وەلانانی ئەو دەسەڵات و سیستمە، هەوڵدانە بۆ خۆرێکخستن لەپێناو داسەپاندنی خواستەکانمان و پاشەکشەکردن بە دەسەڵات. هەربۆیە ئەم ئۆردوە گەورەیەی کەڕێگای هەندەرانیان هەڵبژاردوە دەتوانن ببنە ناوکۆکەو وەرێخستنی نارەزایەتییەکی ئەرێنی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، کە هاوشانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە بەهیزی یەکگرتووی ریکخراوبوون، ئەو دەورە لەو حزبانە وەربگرنەوە کە نامۆن بە مافەکانی خەڵکی کوردستان. خۆرێکخستن و ڕێکخرابوون بۆ ئاڵوگۆر لە ژیان و گوزەرانمان و دەست خستنە ناو دەستی یەک لە پێناو دنیایەکی باشتردا، ئەرکێکی حاشاهەڵنەگر و زامنی ئاڵوگۆری شۆرشگێرانەیە بە سودی جەماوەری بیبەش و بەرینی کوردستان. هەربۆیە بۆ کۆتایهێنان بە دۆخە ناهەموارو سەرگەردان و بەم فەوزا کۆمەلایەتیەی کەبەسەر خەڵکدا سەپێنراوە، پێویستی بە ڕیکخرابوون و کۆبونەوەیە لەدەوری ئاسۆیەکی شۆرشگێرانە و ئینسانی کە زامنی ژیانێکی خۆش گوزەران و مافە فەردی و مەدەنیەکانمان بکات و ئایندەیەکی رۆشن بخاتە بەردەم داهاتووی سیاسی کوردستان. خەبات و تیکۆشان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتێکی پشت بەستوو بە دەورو ئیرادەی جەماوەری، دامەزراندنی حکومەتێکی سکولار و غەیرە قەومی لەجێگای دەسەڵاتی تالانچی و مافیایی بۆرژوازی کورد،دەتوانێت ماف و ئازادییەکان و یەکسانی، هەلی کار بۆ دامەزراندنی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگەکان، و بیمەی بێکاری بۆ کەسانی ئامادە بەکار. ئاو و کارەباو خزمەتگوزاریەکان بۆ خەڵکی کوردستان دەستبەر بکات.. پێویستە خەڵکی نەدار و ئۆردوی بێکاران، لاوان و خویندکاران ژنان لەبەرامبەر بە هەرەشەو حزبەکان بۆسەر ژیان و گوزەرانیان خۆیان، لە ڕێکخراوەی جەماوەری و پیشەیی سەربەخۆیی خۆیاندا ڕێکخراو بکەن.

کەوایە رۆشتن و هەلبژاردنی ڕێگای هات نەهاتی پەنابەری و مەترسیەکانی ڕێگاچارە نییە، هەموو خەڵکی کوردستان ناتوانێ ڕابکەن خۆیان بگەیەننە ئەوروپا، ئەم شەپۆلە لە رۆشتن نەدەبێتە مایەی باشکردنی ژیانی خەڵکی کوردستان و نە دابینکردنی موچەو نە دەبێتە ئاو و کارەباو خزمەتگوزارییەکان، و نە ریگایەکە بۆ کۆتایهێنان بەفەزای نائەمنی کۆمەڵگەو ناتوانێت بەر بە بەندوبەستی ئەو حزبانە بگرێت کە لەگەڵ بەرژەوەندی وڵاتانی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی ناوچەکە ریکی دەخەن و یاری بە ماف و چارەنوسمان دەکەن.

دەسەڵاتی یەکیتی وپارتی باکیان بە رۆشتنی خەڵک نییە، پێویستە لەباتی ڕۆشتن و لەبری ئەوەی خەڵک ناچار بەڕاکردن بکرێت و ڕووبەڕوی ئەو ڕووداوە دڵهەژێنانە بێت کە لەسەرسنوری وڵاتەکان توشی دەبن، دەکرێت ئەم سیستەم و دەسەڵاتە بەهێزی ئەم جەماوەرە دڵشکاوەی دەڕوات ببێتە هاوکارو هاوپشت و فراوانکردنەوەی تەواوی نارەزایەتییەکان، بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە.... هەربژین و سەرکەوتووبن.

بەناوی ستافی بڵاوکراوەی بۆپێشەوە و ئامادەکاری گۆشەی "پرسی ڕۆژ" سوپاس و دەستخۆشی لە هونەرمەند ( سەردار عەبدوڵا ) دەکەین بۆ ئەرك كێشانی لە دروستکردنی لۆگۆی گۆشەی "پرسی ڕۆژ".

# سیناریۆی پوچی دادگاییکردنی گیراوەکانی بادینان، درێژەی هەیە!!

هەشتی ئەم مانگە دادگای دووی تاوانەکانی هەولێر سزای پارتیانەی بەسەر چوار لە گیراوەکانی بادیناندا سەپاند، کە شیراون تەها بەدوو ساڵ و نیو و مەسعود عەلیش بە سێ ساڵ و نیو سزادراوە... هەروەها بەندەوار ئەیوب و کارگەر عەباس هەریەکەیان بەساڵ و دوو مانگ سزا دران، بەڵام بەوهۆیەوە زیاتر لەو ماوەیە لە زیندان راگیرابوون، ئازاد کران. پارێزەرەکانی ئەو بەندکراوانە دەڵێن ئەو بەڵگانەی لەدژی زیندانیەکان بەکارهێنراون و یاسایی نین.

کەم کەیسی وابەستە بە پرسی ئازادی و یاساوە هەیە، هێندەی پرسی گیراوەکانی بادینان دەنگدانەوەی بەدوای خۆیدا هێنابێت و درێژەی کێشابێ و هێندەش بە ئاشکرا تۆمەت و سیناریۆی پوچی بەباڵادا بڕابێت.

گیراوەکانی بادینان لەسەر بەشداری لە خۆپێشاندانی نارەزایەتی بەدژی گەندەڵی و بۆ داوای موچە و خزمەتگوازییەکان، دەستگیر کراون و سەرجەم تۆمەتەکانی تر وەکو دەستی دەرەکی لەپشت بوون، تیکدانی ئاسایشی نیشتیمانی، کار کردن بۆ لایەنی دەرەکی... زۆر لەوە پوچترن کەس فریوبدەن.

لایەنی بنەرەتیش بۆ ئەو سزا قورسەی بەسەر ئەو گیراوانەدا دراوە، لە تۆمەتەکانەوە تا راگرتنیان بۆ ماوەی زیاتر لەساڵێک و پاشان سزای قورسی زیندانی کردن، تەنها ئەوەیە کە ئەم چالاکوان و رۆژنامەنووس و کەسایەتیانە، لە زۆنی زەرد لەو زۆنەشدا لە بادیناندا نمایشی نارەزایەتی جەماوەریان بەدژی دەسەڵات و بەتایبەتی بە دژی پارتی کردووە... لە بادینانی سەرکوتدا، تەلیسمی ترسیان لەدەسەڵات شکاند. لە بادیناندا بە پارتیان وت ئیمە دژی سەرکوت و بێمافیەکانی جەماوەرین، بە پارتیان وت، ئیمە بەشێکی دانەبڕاو لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرین کە لەسەراسەری کوردستاندا، ئامادەیی هەیە.

کاردانەوەی بەرەی ئازادیخوازیش لەبەرامبەر بەو گیراوانە و سیاسەتی سەرکوتگەرانەو نایاسایی پارتیدا، توانی پارتی ناچار بکات، دەست ببات بۆ دادگایی کردنی گیراوەکان و یەکلایی کردنەوەی ئەو دۆسیەیە، دۆسیەیەک کە بە ئاشکرا ناوەرۆکی سەرکوتگەرانەی پارتی بەهەموو دنیا نیشاندایەوە. هاوکات ئەو مامەڵەیەی پارتی لەبەرامبەر گیراوەکاندا بەدەستیەوە گرت، لە جێگای ترساندنی ئازادی وئازادیخوازان، دەیان و سەدان چالکوانی و هەڵسوراوی تری دروست کرد.

دادگاییکردن بەشێوەی پلە پلەو هەرجارە بردنی چەند کەسێک بۆ بەردەم دادگایەکی نمایشی، سەپاندی سزای قورسی سیاسی بەسەر بێتاواناندا هەر لە درێژەی سیاسەتی ترساندن و بێدەنگە پێکردنی ئازادیخوازی و ترساندنی دەنگە ئازادەکانە، بەڵام ئەمە بەشوێنێک ناگات و ئازادی وئازادیخوازی بەسەرکوت ناخنکێنریت و رەوتی بزوتنەوەی ئازادیخوازی دەباتە سەرەوە. بێدەنگەی حزب و لایەنە سیاسیەکانی تریش لەسەر ئەم کەیسە و ئەو مامەڵە ناڕەوایەی پارتی، هەموو ئەو حزب و لایەنە سیاسیانە دەکاتە هاوبەش و پشتیوان لەم گەمژەییەی پارتی دەستی بۆ برد.

بۆپێشەوە FORWARD بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە



# خەباتی شۆڕشگێڕی بۆ ڕامالینی فاشیزمی بنەماڵەیی...

**نووسینی: عبدالرحمن رسول**

خودی کۆمۆنیزم لەسەر ئەساسی ڕەخنەگرتن دامەزراوە و گەشە دەکات لەبەرئەوەی پێویستە ڕەخنە لەسیستەم و دەسەڵاتی ملهوڕی چەوسێنەر دەگرێت لەسەر هەبوونی یاسا چەوسێنەرو نایەکسانییەکانی، بەهەمان شێوەش پێویستە بەردەوام ڕەخنەش ئاراستەی سەرجەم بزوتنەوەو حزبە کۆمۆنیست و شیوعییەکان بکرێت لەشێوازی تێکۆشان بەئامانجی گەشەدانی تێکۆشانی باشترو چالاکتر. هەردوو جۆری ڕەخنەکەش بۆئەوەیە کە هەرچی زووترە خەڵکی کۆمەڵگە ڕزگار بکرێت لەدەست سیستەم و دەسەڵاتی چەوسێنەر دواتر هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتر. کاتێک ڕەخنە ئاراستەی حزبە شیوعی و کۆمۆنیستەکان دەکرێت لەبەرئەوەیە کە بەخۆداچوونەوەیەک بەجۆرو شێوازی هەڵسوڕانیان بکەن تا هەرچی زووترە خەباتی کلاسیکی ومەحفەلیزم تێپەڕێن بەرەو خەباتی گشتگیری جەماوەری لەهەناوی کۆمەڵگەوە کاروچالاکی بۆ گەشەدانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکەن. تا ئاراستە بکرێن بەرەو خەباتێکی بەهێزی چینایەتی، بەوشیارێکی بەهێزەوە نارەزایەتییەکان درێژە پێ بدەن وئامانج وخواستە ڕەوا ومافە ئینسانییەکانی کرێکاران وچەوساوەکان بەدی بهێندرێت. دەبوایە لەکاتی کۆنگرەی حزبی شیوعی کوردستاندا سکرتێر مەکتەبی ساسی و سەرکردایەتی گۆڕانکاری تێدابکرایە بۆئەوەی گۆڕانکاری لەتێکۆشانی جەماوەرییان بکرایە. دەبوایە کۆنگرە بەراوردێکی خاڵە بەهێزو لاوازی و نەبوونی کاریگەری حزبی شیوعی بکردایە، ئەوکات سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی و سکرتێری حزبی هەڵبژاردایە کەلەو تێکۆشەرانەی کە ئیرادەی ڕابەرایەتی جەماوەرییان تێدا بەهێزو کاریگەرە بە ئامانجی هێنانەکایەوەی حزبێکی تەواو جیاواز بەئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریانە لەدژی سیستەم و دەسەڵاتێکی چەوسێنەرو کۆنەخواز، لەیەکەم هەنگاویشیدا ئەڵتەرناتیڤێکی شۆڕشگێڕانەی بخستاتەڕوو کەڕاشکاوانە لەمەیدانی نارەزایەتییەکاندا تێکۆشانی بۆ لەگۆڕنان و ڕووخانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتە چەوسێنەرو کۆنەخوازو دزەی بکردایە. بەڵام بەداخەوە هێشتا نەگەیوەتە ئەو بڕیارە حزبییە کە داوای ڕووخانی ئەو سیستەم و دەسەڵاتەی کوردستان بکات کە پڕاو پڕە لەچەوسانەوە و دزی وگەندەڵی. زیاتر بەرەو پڕوپاگەندەی خەباتی پەرلەمانی و ڕیفۆرم و چاکسازی ملدەنێ. ئەمەش لەبەرژەوەندی و سوودی سیستەم و دەسەڵاتی بنەماڵەیی و سەرمایەداری کوردستاندایە و پایەکانی مانەوەی بەهێزتر دەکات. هەربۆیەش لەدوای کۆنگرە پیرۆزبایی لەلایەن بەرپرسانی باڵای پارتی بارزانی و یەکێتی تاڵابانی ئاراستە دەکرێت، کە ئەم دوو بنەماڵەیە بەدرێژایی سی ساڵ هەرچی داهاتی سەرزەوی و ژێر زەوی کوردستان بەئارەزوویی خۆیان دەی دزن و تەخشان وپەخشانی دەکەن و خۆیان و بنەماڵەو خانەوادەکەیان نەوە دوای نەوە دەیانەوێت شانشایی بژین و خەڵکی هەژارو کرێکارو زەحمەتکێشی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ هەژارترو برسیتر دەکرێن. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە دەڵێم نارەوایە و نادروستە کە حزبێک خۆی بەکۆمۆنیست وشیوعی بزانێت، بەڵام ڕاشکاوانە نەیەتە مەیدان بۆ ڕوخان و ڕامالینی سیستەم و دەسەڵاتی کۆنەخوازو چەوسێنەرو دزو گەندەڵکارانی بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی. هاوڕێ لینین دەڵێت: شیوعیەکان ئەوانە نین ئەندامی حزبن و لە چوارچێوەی شانەکاندا خۆیان قەتیس کردووە، بەڵکوو شیوعیەکان ئەوانەن لەناو خەڵکن و بەشداری کارایان لە سەندیکاو ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا هەیە و لە پەیوەندی بەردەوامن لەگەڵ چینی پرۆلیتاریادا. کەوایە بەم تێڕوانینەی هاوڕێ لینین بێت حزبی شیوعی لەکوێی شەپولی شۆڕشی کۆمۆنیستی دایە. هاتنە سەرخیابان وەکو حزب هیچی سوودی نییە بۆچینی کرێکار، چونکە تێکۆشانێکی کرچ وکاڵی ڕیفۆرمییە هاوشێوەی حزبە لیبڕاڵ وبۆرژواکان کە باسی ڕیفۆرم وچاکسازی پەرلەمانی دەکەن، ئەوا زیاتر لەچەندین ساڵە بەم ڕێگایە تێکۆشان دەکرێت، بەڵام کرێکاران و زەحمەتکێشان بارودۆخی ژیانیان خراپتر بووە سەرەڕایی هەبوونی چەندەها خۆپیشاندان ونارەزایەتی. کەوایە پێویستە ئەم جۆرە خەباتە بگۆڕدرێت، ئەگەر ئەو حیزبە نەبێتە ژیلەمۆی گەشەی شۆڕشگێڕانەی بزوتنەوەی چینی کرێکارو چەوساوەکانی کۆمەڵگەی کوردستان کەوایە ناوی شیوعی بوونی هەروەک دیکۆرات و بۆ جوانی هەڵگرتووە، نەک بۆ هێنانەدی سۆشیالیزم. لەبەرئەوەی هێنانەدی سۆشیالیزم تەنها بە وتارو بەرزکردنەوەی دروشم نابێت، بەڵکو لەگرەوەی ڕێکخستنی نارەزایەتییەکانی کۆمەڵگەدایە لەناو بزوتنەوەی جەماوەریدا بۆ دەسەڵاتداریێتی شوراکانی خەڵک. ڕاستە بێکاری و هەژاری هۆکارێکە بۆ کۆچکردن، بەڵام ئەو خەڵکەی ڕێگای کۆچی گرتووەتە بەر هەمووی برسی و بێکارو هەژار نییە، بەڵکو هۆکاری دیکەی هەیە مرۆڤ بەتەنها نان تێری ناکات، بەڵکو پێویستی بەئارامی و ئازادی و پاراستنی کەرامەتیی مرۆڤ بوونی هەیە بۆ ئاسودەی و سەقامگیری ژیانی. کێشەی بنەرەتییەکەی بریتیە لە بێ ئومێدی بێ هیوا بوون لەتێکۆشانی سیاسی بۆ گۆرانکاری لە نادادپەروەری و نەبوونی ئازادی و قۆرخکاری سیاسی و ئابوری و ساختەکاری. کەوایە ئەرکی کۆمۆنست وشیوعییەکانە بە خەباتی شۆڕگێڕانەیان تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەیان گەشەپێبدەن. هەمووومان دەزانین کە ئەو دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی سیاسەتی فاشیزمانە پیادە دەکەن هەربۆیە حوکمرانەکان و دەورو بەرەکانی دەسەڵات کورو کچ و نەوەکانیان لەئێستەوە لە پێگەی پۆست و دەسەڵات قایم دەکەن و پیشانی نەوە دوای نەوەی ئەدەن ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەڵێن بۆ داهاتووش هەر ئێمەین و ئەم شێوازو حوکمرانیەی لێی بێزارن بەردەوام دەبێت. ئەوەیە هۆکاری بنەرەتی کۆچی بەکۆمەڵ. دەرئەنجام گەنجەکان بەهۆی نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و نەبوونی کار و نەبوونی ڕەوتێکی شۆڕشگێڕی جەماوەرییە کەهێزی گەنجان بۆ تێکۆشانی جەماوەری بۆ ڕامالینی سیستەم و دەسەڵاتی دزو گەندەڵکاران ڕێکخراو بکات هەربۆیە لەبێ ئومێدی وبێ هیوایی دا کۆچ ئەکەن. حزبە کۆمۆنستەکان بێکارن و بێ کاریگەرن لەڕێکخستنی خەباتی جەماوەری کرێکاران وبێکاران وگەنجەکان، پێویستە هێزی تێکۆشانیان ڕاستەوخۆ بگوزانەوە لە تێکۆشانی کلاسیکییەوە کە شێوازی مەحفەلیزمە بۆ شێوازی خەباتی جەماوەری کە بەئاراستەی گەشەدانی شۆڕشگێڕی لەناوەندە کرێکاری و جەماوەرییەکاندا. ڕاستەوخۆ گەنجان بەرەو پێشەنگی تێکۆشانی بزوتنەوەی جەماوەری ئاراستە بکەن .لە٧٠ کانی سەدەی بیستەمەوە کۆمەڵگەکانی گۆی زەوی بەهۆی سیستەمی ملهوڕی سەرمایەدارییەوە چاوەڕوانی گۆڕانکارین. ئەوەی لەسەردەمی ئێستای کوردستان ڕوودەدات درێژکراوەی هەلومەرجی سیاسی زاڵی ڕابردووە کە ئێستا بەرەو کامڵبوون دەچێت و زوڵم و زۆری نایەکسانی و چەوسانەوە، بەڵام شێوازی لەناو جیاوازە ئەگەرچی لەناوەڕۆکدا هەمان جۆر سیستەم و دەسەڵاتی فاشیزم حوکم دەکات بەزۆر بۆیە لەبەرامبەری دا تارمایی شۆڕشی چەوساوەکان سات دوایی سات بەهێزتر دەبێت لەناو ناخی هەر تاکێکی کۆمەڵگادا. لەسەدا ٨٠٪ی کەزۆرینەی خەڵکی کۆمەڵگەیە بەشداری دەنگدانی ڕەتکردەوە ئەمە نیشانەی هەبوونی شۆڕشە لەکۆمەڵگە. بۆیە پێویستە بەهەرجۆرێک بێت گەشە بەخەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕی بدرێت لەناو بزوتنەوەیەکی جەماوەری دا بۆ ڕامالینی دەسەڵاتی دزو گەندەڵکارانی بنەماڵە خێڵگەرەکانی کوردستان. ئەمەش پێش هەمووان ئەرکی هەر ئێستای حزبە کۆمۆنیست و شیوعییەکانە ئەو هەنگاوە ڕادیکاڵە جەماوەرییانە بنێن بۆ هێنانەکایەوە کۆمیتەی شوراو ئەنجومەنە شۆڕشگێڕەکان لەناو بزوتنەوەیەکی جەماوەری دا لەژێر ناوی بزوتنەوەی شورایی دا. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری (مەبەستم هەموو ئەوانەیە بەناوی کۆمۆنیستی کرێکاریی هەڵسوڕان دەکەن) دەبێت لەنووسین و شیکردنەوەو وتار داناوە بپەڕنەوە بۆ ناو هێزی فراوانی جەماوەری نارازی گەنجان وکرێکاران و بێکاران بەئامانجی هێنانەکایەوەی ئەڵتەرناتیڤێکی ڕادیکاڵی پڕچالاکی جەماوەری هاوخەباتی کۆی کۆمۆنیست وشیوعی و ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکانی کۆمەڵگە بۆ ئاراستەکردنی گەشەدانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و جەماوەرییەکان هەتا لەژێر ئاسۆیەکی ئینسانیدا بەخەباتێکی شۆڕشگێڕانە کۆمەڵگە بەرەو گۆڕانکارێکی باشتر ونوێتر ئاراستە بکرێت بۆئەوەی لەجیاتی کۆچ و ئاوارەیی هاوخەباتی بۆ ڕامالینی سیستەم و دەسەڵاتی دزو گەندەڵکاران گەشەی پێ بدرێت. ئەوە دەرکەوتووە ناشاردرێتەوە کە سیستەمی سەرمایەداری نەبەسیستەمی کۆلۆنیال و نەبەسیستەمی ئیمپرالیزمی نەیانتوانی کۆنترۆڵی ڕەخنەی بەرەی نارازی لەم سیستەمە پاشەکشە پێبکەن. ئەوا هەرگیز دەسەڵاتی فاشیزمی بارزانی و تاڵەبانییەکان ناتوانن پاشەکشە بەخەباتی جەماوەری نارازی و ڕەخنەی شۆڕشگێڕانەی گەنجان و لاوانی کوردستان بکەن. هەرچەندە لەزۆرێک لەقۆناغەکاندا ئامانجی ئەحزابەکان لەگۆڕانکاریان ڕوو لەکۆمەڵگە ڕیفۆرم بووە بەتەوسیفی شار ئەوانەشی ڕوو لەشاخ بوون لەنێو کارکردە چەتەگەرایی و جاسوسی و بەکرێگیراویی و ڕەشەکوژی و ئاژاوەگێڕی و خۆداسەپاندن بەسەر هەلومەرجی ترانسفێری ئاڵوگۆڕانەکاندا کەمیان نەهێناوە. کە لەئەنجامدا دەبێت بڵێین کە * تیۆرو فکری شۆڕشی ڕزگاری چەوساوەکان بۆئەوەیە لەڕووی پراکتیکیەوە خۆی لەخۆیدا دەستبەکاربێت. نەک دەستەو ئەژنۆ دابنیشێت تەنها بانگەوازو پێشنیار...

بۆ لاپەڕە 12

# "ئاکامە مەترسیدارەکانی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت"

## نوسینی: دکتۆرە ڤیان سلێمان

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت کە دەمارگیری ڕەگەزی پاڵنەریەتی دیاردەیەکی جیهانییە و لە زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا، ئافرەتان لە نەتەوە و پێکهاتە ئایینیە جیاوازەکان لە توێژ و چینە کۆمەڵایەتی و گشت ئاستەکانی تەمەن ڕووبەڕووی دەبنەوە، بەوپێیەش یەکێکە لە بەربڵاوترین فۆرمەکانی توندوتیژی، بەدڵنیایشەوە دیاردەیەکی ترسناک و زیانهێنە، دەستدرێژیکردنە بۆ سەر بەهای مرۆڤبوون و پێشێلکردنی بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤە. هاوکات دوژمنێکی سەرسەختی گەشەسەندن و دیموکراتیزەبوون و پێشکەوتنی جڤاکییە.

ژیانێکی پارێزراو و پڕدڵنیایی، دوور لە ترس و دڵەڕاوکێ، شکاندنی شکۆ و ژێردەستەیی مافی هەر مرۆڤێکە بەبێ جیاوازی لەسەر هیچ جۆرە بنەمایەک. توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت هەموو ئەو پێدراوە سروشتی و گەردوونیانە لە ئافرەت زەوت دەکات و دەیخاتە نێو بارێکی پڕ لە نادڵنیایی و ترس و شڵەژان و گۆشەگیری و دواکەوتن. توندوتیژی چەندین جۆری وەک فیزیکی، سایکۆلۆژی، سێکسی، ئابووری و هی تریشی هەیە و لە چەندین فۆرمدا خۆی دەنوێنێ. توندوتیژی جەستەیی وەک: لێدان و دەستدرێژی و خەتەنەکردن؛ دەروونی لە شێوەی: هەڕەشەلێکردن، بەنەفرەتکردن و نزم لێڕوانین و تانە و تەشەرە یان بێبەشکردن لە ئازادییە کەسیی و مافە مەدەنی و ڕێگەنەدان بە چوونە دەرەوە بە پاساوی پارێزگاریکردن لە شەرەف. توندوتیژی ئابووری وەک ڕێگەنەدان بەکارکردن هەروەها دەستگرتن بەسەر مووچەی ئافرەت و ڕێگەنەدان بە ئازادانە بەکاربردنی. بەکارهێنانی هێز بەرامبەر ئافرەت بە ئامانجی ملکەچی پێکردن و گوێڕایەڵکردن و کۆنترۆڵکردنی، ئەمەش بە واتای شکاندنی ئیرادە و دەستەمۆکردن و لاوازکردن و دواکەوتنی. دەکرێت ئافرەت ڕووبەڕووی یەکێک یان زیاتر لەو جۆرانەی توندوتیژی ببێتەوە، ئەو جۆرانەش یەکتری بەهێز دەکەن و بەشێوەیەکی گشتیش کاریگەری نەرێنی دەخەنەسەر ئافرەت و هاوسەنگی کۆمەڵایەتیش لە نێوان هەردوو ڕەگەز زیاتر لاسەنگ دەکەن، بە هەمان شێوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دادەنێن.

توندوتیژی بەرامبەر ئافرەت ڕەگێکی




قووڵی مێژوویی و زادەی و بەرهەمی کۆمەڵگەی چینایەتی و هزرو دیدی پیاوسالارییە کە لەسەر بنەمای نابەرابەری پارسەنگی هێزی جەستە لە نێوان هەردوو توخمی مرۆڤ و باڵادەستبوونی پیاو لەو هاوکێشەی هێزەدا، بنیات نراوە. بەم پێیە لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و دروستبوونی شارستانییەت ئەم دیدە خزایەوە نێو تەواوی ڕەهەندە فکری، کولتوری، ئابووری، ئایینی و سیاسی کۆمەڵگەی مرۆڤەوە و ئیتر بوو بەشێکی دانەبڕاو لە تێگەیشتنی مرۆڤەکان لە پەیوەندی نێوان هەر دوو مرۆڤ و ئەرک و ڕۆلیان بەرامبەر بە یەکتر لە ناو ژیانی خێزانی و ژیانی جڤاکی؛ کە بێبەشکردنی پیاو لە باوەشی خێزان و بێبەشکردنی ئافرەت لە ئامادەیی و باوەشی جڤاک لە سیما دیارەکانێتی. بۆیە لە پرۆسەی چارەسەریدا دەبێ لەسەر تێگەیشتنی هەر دوو ڕەگەز و لەسەر عەقڵی گشتی کۆمەڵگەدا کار بکرێت سەبارەت بە چەمکی هێز لە نێو پەیوەندی هەر دوو نێر و مێی توخمی مرۆڤ کە لە پێناو دروستکردنی وابەستەیی و هاوبەشی تەواوکاری و هاوسەنگانەی هەر دووکیانە بۆ بەردەوامی ژیان نەک دەسەڵاتداری نێر و بێدەسەڵاتی مێ. بەڵام لەبەر ئەوەی توندوتیژی خێزانی بەرامبەر ئافرەت بە دەستی نیزام و پیاوی خێزان: هاوسەر، باوک و برا ئەنجام دەدرێت. دەبێت سەرەتا لەنیزامی چینایەتی و پیاوسالاریدا بە شوێن چارەسەری توندوتیژییەوە بین، ئەویش بە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و پیاو سەبارەت بە مەترسی و نامۆڕاڵی و قێزەونی و تاوانکاری ئەو کردەیە و ئاسەوار و لێکەوتە پڕ زیانەکانی، لەلایەکی دیکەش هەنگاوێکی دیکەی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بێدەنگ نەبوونە لەئاستیدا لەلایەن ئافرەتەوە، ڕەتکردنەوە و سازش نەکردنە لەگەڵ بکەرانی. هەندێ جار وەرگرتنی توندوتیژییەکان وەک کردەیەکی ئاسایی و ڕێگەپێدراو، ئەمەش لە ڕوانگەی باوەڕهێنانی خودی ئافرەت لە ئەنجامی پرۆسەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی بە پلەدوویی و سەرداری پیاو یاخود بێدەنگی لە ئەنجامی وابەستەیی ئابووری و ترسی لەدەستدانی منداڵ و بژێوی و شوێنی نیشتەجێبوون، یاخود وابەستەیی بە دابونەریت و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە ترسی پاراستنی ناوبانگی خێزان. هۆکاری دیکەش وەک نەبوونی هۆشیاری یاسایی و هۆشیاری سەبارەت بە مافەکان.

بە شێوەیەکی گشتی باشترین میکانیزمی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەرامبەر بە ئافرەت بە تایبەتی، ڕێگریکردنە لێی، بەرلەدایکبوون و بەکرداربوونی و هەروەها ڕێگریکردن لە ڕەخساندنی زەمینە و ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی بیری توندڕەوی و پلەبەندی لەسەر بنەمای هێزی جەستە بۆ بەررژەوەندی پیاو و لەبەرچاو نەگرتنی هەردوو هێزی عەقڵ و هێزی ڕووحی کە ئافرەت و پیاو تیادا هاوسەنگن، بە تایبەتیش لەو کەناڵ و ڕێوشوێنانەی کە کاریگەریان لەسەر ڕای گشتی هەیە. لەگەڵ ئەوەش گرتنەبەری پرۆگرامی هۆشیاری سەبارەت بە ترسناکی ئەم دیاردەیە و لێکەوتە نەرێنییەکانی بە تایبەتی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بوونی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی پرسی ئافرەت. لەلایەکی دیکەش دەرکردنی یاسای توند و جێبەجێکردنی سزای یاسایی دەرهەق بە ئەنجامدەرانی توندوتیژیی؛ هەروەها پێداچوونەوە بە میکانیزمی پڕکردنەوەی بەڵێننامە لە ڕادەستکردنەوەی قوربانیانی توندوتیژی بە کەسوکار و پێشکەشکردنی پشتیوانی زیاتر بە ڕزگاربووان لە توندوتیژی؛ لە دوبارە بارهێنانەوە و دابینکردنی دەرماڵەی مەترسی وەک دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ڕادەستنەکردنەوە بە کەسوکار و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی پارێزراو. هەموو ئەمانە و کارکردن بۆ گۆڕینی ئەو چەمکە کۆمەڵایەتیانەی لە تێگەیشتنی گشتی و بەتایبەت لە تێگەیشتنی پیاودا ڕەوایەتی بە توندوتیژی دەدەن بەرامبەر ئافرەت بە پاساوی پاراستنی شەرەفی خێزان و پابەندی بە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان.



# پرسی ژن ؟

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییەی کردۆتەوە کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشک دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستنە ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

**بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# کۆماری ئیسلامی، پەرەپێدەر و زەمینەخۆشکەری بکوژی ژنانە!

## نووسینی: هەتاو عەبدوڵاهی



کاتێک لە کۆمەڵگەیەک قەتڵێک روو دەدات، دەسەڵات بکوژ یان کەسانێک کە گومانی تاوانیان لەسەرە دەست بەسەر دەکات و لەو بوارەوە لێکۆڵینەوەی تایبەت دەکات، بەڵام لە ئێرانی ژێر حاکمیەتی کۆماری دژە ژنی ئیسلامی پیاوان بە داخەوە کە خۆیان قوربانی ئەو سیستمەن بە پشتبەستن بەو یاسا و ڕێسا ئیسلامی و سەدە ناوەڕاستیانە دەست دەدەنە تاوانی لەو جۆرە و ژنان دەکوژن. ڕژیمی ئێران ڕێگای بە پیاوان داوە لە ژێر ناوی شەرەف و ناموس ژنان کە پێگەی ملکی پیاوانیان لە ئێران هەیە بکوژن و هەردەم لەپشتی ئەو پیاوانە بووە. بە سەدان جار رووی داوە باوک و براو پیاوانی نزیکی بنەماڵە دەستیان داوەتە کردەوەی کوشتنی ژنانی بنەماڵەو دەسەڵاتی نادادپەروەر بۆ ماوەیەکی کاتی دەست بەسەری کردوون و دواتر ئەو کەسانە گەڕاونەتەوە ناو کۆمەڵگە و ئەوە خۆی شوێندانەری لەسەر خەڵک دەبێ. زۆرجار بووە باوکێک کچەکەی کوشتوە، بەڵام برای کچە تاوانەکەی وەئەستۆ گرتوە و دواتر لە لایەن باوکی کچە کە وەلی دووەمی کچە بووە ڕەزایەت بە براکەی دراوە و ئازادکراوە. ئەو کردەوە بە تایبەتیی لە ناوچە عەرەب نشینەکان زۆر دەبیندرێ. بۆیە بێگومان هۆکاری سەرەکی هەموو توندوتیژیەک لە ئێران و بە تایبەت کوردستان کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتە دژە ژنەکەیەتی کە لە توندوتیژی و دوبەرەکی نانەوە قازانج دەبینێ. ئەوەی جێگای داخەو دەبێ ئاماژەی پێ بدرێ ئەوەیە کە زۆرجار ژنان و پیاوانی بەناو رۆشنبیری کۆمەڵگەش بە بێ دەنگ بوونیان لە بەرامبەر قەتڵ و ژن کوژی خۆیان بە جۆرێک بکەری توندوتیژی بە دژی ژنانن و بۆ ئەم هەڵوێستانەشیان پاساوی بێ بنەما وەک شەرەف و ناموس دێننەوە، بەڵام بە خۆشیەوە هەردەم لە ناو کۆمەڵگەش ژنان و پیاوانی ئازادیخواز بوونیان بووە کە لە بەرامبەر هەر تاوانێک بە دژی ژنان دەنگیان هەڵبڕیوە و هەڵویستیان بووە وەک ئەو دوو مانگە بینیمان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ژنان و پیاوانی ئازادیخواز و یەکسانیخواز هاتنە سەرشەقامەکان و بە بەرز کردنەوەی دروشمی ژن ناموسی هیچ کەس نییە و کوشتنی ژنان مەحکوم دەکەین لە بەرامبەر ئەو تاوانە قیزەونە ڕاوەستان و جارێکی تر دەنگی ژنانی قوربانی بوون و داوایان کرد تا بکوژانی ژنان بە سزای کردەوەکانیان نەگەیەنن دەست لە خەبات هەڵناگرن. خەڵکی کۆمەڵگە دەبێ بە وشیاریەکی زیاترەوە بروانننە پرسی توندوتیژی و قەتلە ناموسیەکان و دەبێ کۆماری ئیسلامی و یاسا سەدەناوەڕاستەکانی بە هۆکاری سەرەکی ئەو گشتە تاوانە بناسن و تا کاتێک ڕژیمی دژە ژنی ئێران دەروخێ دەست لە خەبات هەڵنەگرن و دەنگی ژنانی قوربانی بن...

گۆشەی ئەدەب و هونەر

گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێڕان، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان ڕێك دەخات...

ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا

# خەونی سندباد..

جەمال نوری



له خەونی پەڵە هەورێك دا

" با " وتی ..

بارانێك بەڕێوەیە..

تا گەڵای درەختە

بەژنزراڤەکان شانە بکا

شەونم بکا بەتاوە

دەزوو

لە پرچی

یادەکانەوە بئاڵێنێ

ئەو یادانە،

لە دوکەڵێکەوە ئاڵان،

کەلەگەرووی مندا هەڵ

یکردبوو

دەبووە شاخێك لەکا

ئۆقیانوسێك لە لەپی

دەستا

شیعرو

شاعیر لەلافاوی وشەدا

!..

باران و ئاسمان

دوو

هاوڕێی هەمیشەیی،

" لەزمانی ئێمەدا "..!

زمان چەندە

هێمای لەخاچ دراو بوون

بەداهۆڵەوە..

داهۆڵ، چەندە فریوو

دەربوو

لە چاندنی تۆوی ترس،

لە چاوی

فڕینی باڵندەکانا،

ئەو باڵندانەی هەتا

ئێستا بێ سۆراغن

لە

مەملەکەتی وەرزی کۆ

چ ...

ئەو

وەرزەی درەختەکان گە

ڵاکانی تیا ناوەرێ

کارێزەکانی تیا ناتەقێ

کانیەکان ناڕژێنە

سەر جۆگەو جۆبار

جۆگە سەری خۆی

هەڵگرتوە

ئاوڕناداتەوە لەزێ و

ڕووبار

شوان، دەختێك شکا نابا،

سایەك لەگەڵیا نایە، بۆ

حەوانەوە

و لێدانی شمشاڵێك

بۆ

مەرگی زیندووی گەڵاکا

ن

بۆ وشك بوونی

باڵی فڕین،

لە ناو هەوری

"با " بردەڵەی گریە

نشین *..!

* گۆرانیەکی فۆلکلۆری

یە.




# بەشێکی تر لەدەقی شەو نییە شانم بەر شانی مردن نەکەوێت

هەموو ڕێگاکانی لێگرتم

بارانی لێ کردمە دووژمن

خۆمی لەگەڵ خۆم دابەشەڕ

لای دراوسێکانم بوختانی

ڕەشی بەدەممەوە کردم

وەك پیاوێکی مردوو بەناو

کۆڵانەکانی

ڕەشەبادا بەدوای خۆیدا

ڕایکێشام

هەرچی گوڵی ناو

ئینجانەکانی ڕۆحم هەبوو

هەڵیکێشا

خۆمی لەخۆم هەڵگێڕایەوە

خۆمی بەخۆمدا بەکوشت

هەموو ڕێگاکانی لێگرتم

وەك قازیەکی بێویژدان

سزای

لەسێدارەدانی سەپان

بەسەرما

بەبێ ئەوەی قەسیدەیەکم

بخوێنێتەوە

بەئاوی وت ئەم پیاوە بەبێ

ئەدرێس

لەدەرگای ماڵی نیشتیمان

ئەدات

سەری پێکردم بەکۆشی

هەزارەها نامەردا

هەربەزۆری زۆرداری

تەرمەکەی خۆمی

پێفرۆشتمەوەو دوایش

شاربەدەری کردم



هەموو ڕێگاکانی لێگرتم

بەدوای خۆمدا ڕاوی دەنام

دایکمی لێکردم بەدووژمن

لەدواوە بەر خەنجەری دەدام

بەهاوڕێکانمی ئەووت ئەم

پیاوە شتی بیردەچێتەوە

توشی زەهایمەر بووە

بابیکوژین

هەموو ڕێگاکانی لێگرتم

لەبەر ئاوێنەدا ئەیشکاندم

ئەوەی خوا پێی ناخۆشبوو

پێدەکردم

کراسەکەی بەرمی دڕاند

پێڵاوەکانمی

فڕێدایە کۆڵان

هەزار درۆی بەدەممەوە کرد

لای باران

شەو نییە شانم بەرشانی

مردن نەکەوێت

.........

میرزا

٢٠٢١

٦نۆڤەمبەر



## بەهزاد موحسین: خودی بەشدارینەکردنی هاولاتیان بەو ڕێژە پێوانەییە، نەوەك هەر پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵکو سەرلەبەری حیزبە گەورەکانی ئێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستانی بە تایبەتی خستە ژێر گومانێکی ئێجگار گەورە، گومانێك بەتامی یەقین...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز بەهزاد موحسین چالاکوانی مەدەنی لە هەولێر سەبارەت بە "عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان".

**بۆپێشەوە: شکستی هەڵبژاردنەکان لەرێگای بەشداری نەکردنی زوربەی زۆری خەڵکەوە، هەڵگری چ پەیامێکە؟**

**بەهزاد موحسین:** خودی بەشدارینەکردنی هاولاتیان بەو ڕێژە پێوانەییە، نەوەک هەر پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵکو سەرلەبەری حیزبە گەورەکانی ئێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستانی بە تایبەتی خستە ژێر گومانێکی ئێجگار گەورە، گومانێک بە تامی یەقین. هاولاتیان تەواو لە خەمخۆری و دڵسۆزی و قوربانیدان و خزمەتگوزاریی ئەم حیزب و سەرکردانە بێئومێد بوونە. بەهەموو شێوەیەک حیزب و سەرکردە ئایینی و تایفی و ڕاستڕەو و بەناو عەلمانی و دیموکراسی و چەپەکانیشیان ڕەت کردەوە.

**ئەو کۆڕەوە هەزاران کەسیەی وا لە نێوان سنوری بەلەڕوس و پۆڵۆنیا گیریان خواردوە، گەورەترین ڕاپرسیە بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی کوردی و تەواو مەئیوسبون و ڕشانەوە بەسەر دەسەڵاتی بنەماڵەیی و دزی و جەردەیی ئەو دەسەڵاتە کوردی و ئێراقیە**

ئەزیزی من! هەر خودی ئەو کۆڕەوە هەزاران کەسیەی وا لە نێوان سنوری بەلەڕوس و پۆڵۆنیا گیریان خواردوە، گەورەترین ڕاپرسیە بۆ ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی کوردی و تەواو مەئیوسبون و ڕشانەوە بەسەر دەسەڵاتی بنەماڵەیی و دزی و جەردەیی ئەو دەسەڵاتە کوردی و ئێراقیە. پێم وایە گەر ولاتانی ئەوڕوپا ڤیزا و مافی پەنابەری ڕابگەیەنن، بەلای کەم ٥٠٪ هاولاتیانی هەرێم ئیش و کاریان جێ دێڵن و ڕوو لە هەندەران دەکەن.

**پێم وایە گەر ولاتانی ئەوڕوپا ڤیزا و مافی پەنابەری ڕابگەیەنن، بەلای کەم ٥٠٪ هاولاتیانی هەرێم ئیش و کاریان جێ دێڵن و ڕوو لە هەندەران دەکەن ...**

**بۆپێشەوە: تا چەندە لاتان وایە داخوازییە سیاسی و حقوقیەکانی خەڵکی کوردستان، لەڕێگای بەشداری لە حکومەت و پەرلەمانی عێراقدا، بەدی دێت؟**

**بەهزاد موحسین:** کورد پەندێکی هەیە، "گەر لەگەڵ بوکێ نەبی، لەگەڵ بەربوکیش نابی". بوکەڵەکەی ئێمە کە حکومەتی هەرێمە، دەسەڵاتی ڕەهای هەبووە و هەیە، چەندە مافە سیاسی و حقوقە ئازادیەکانی ڕادەربڕین و چالاکی جەماوەری و داوای موچە و پشتگیریی زیندانیانی بادینان و دەیان کەیسی مەدەنی تر دراوە؟! تا بە بەشداریکردنی لە حکومەتی ئێراقدا بە پشکە دەسەلات بیەوێ مافەکانی تاکی کوردی بدا.

هاوڕێ! گەورە حیزبەکانی هەرێم کە بریتین لە یەکێتی و پارتی، ئەوان هاوکێشەیەکی زۆر ساڵانی نانەتەوەیی و ناسیاسی و نائینسانی کار دەکەن، کە بریتیە لە مانەوەی خۆیان بە هەر نرخێکی سەرکزەڵۆکی و ملکەچبوون و خودی جاشایەتی. لای ئەوان هاوکێشەکە ئەوەیە، خەمی گەورەم مانەوەمە، بۆ ئەوەش پێویستم بە میللەت نییە، نە بە دەنگدانیان نە بە بایکۆتیش، من هێزی کۆڵەکەی مانەوەم لەم ولاتە دراوسێ دوژمنەکانی کوردی وەک تورکیا و ئێران وەردەگرم، بەرامبەر هەرچیەک ئەوان بیانەوێ.

دوژمنان دەزانن، هێز و توانای نەتەوەیی کوردی لە هاولاتیە ئازادیخواز و چینی چەوساوە و هەژارەکاندایە، بۆیە ڕۆژانە بە دراما و دەرمان و خۆراکی ئێکسپایەر و دەیان هۆکاری تر خەڵک بە زۆر نەخۆشی و کارەسات ئالودە دەکەن، کە لای ئەوان سەری هەرەسەرەوەی دەسەلات و حیزبەکانیان بێ پێن و هەرکات کاتی بێ، وەک سویچپلاکێک بە پلێک دەیانکوژێننەوە.

**بۆپێشەوە: جەماوەری کرێکارو بێبەشی عێراق و کوردستان، رۆڵیان لە پێکهێنانی حکومەت و پەرلەمانی عێراق، چۆن دەبێت؟**

**بەهزاد موحسین:** ئەم پرسیارە دەمانباتەوە سەر مێژوووی ئێراق و پێویستبوونی ناساندنی هێزە ئێراقی و کوردیەکان و سپۆنسەرە دەرەکیەکانیان. لە دروستبونی دەوڵەتی ئێراقەوە و لەسەردەمی پاشایەتیەوە تا ئەمڕۆ، هەر با ئاشکرا و بە بێشەرمی و پێچوپەنا لە بەرنامەی هیچ حیزبێکی دەسەڵات لە پەیام و پرۆگرامیاندا مافەکانی کرێکار و جوتیار و چینی چەوساوە، وەک ئەرکێکی ئەولەوی و سەرەکیی باس نەکراوە،. جگە لە چوار ساڵەکەی حوکمی "قاسم".

ئێستاش کە تەواوی حیزبە خاوەن کورسیەکانی ئێراق ئایینی و تایفین و پێچەوانەی ڕەوتی پێشکەوتنی مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو دوێنێ و پێرێ دەگەڕێنەوە. هەروەها پارتی و یەکێتی وەک دوو هێزی چەکدار و تۆتالیتار و دژە ئازادی و دزیکەر لە قوتی خەڵک و لە پێشمەرگەی دڵسۆز و تەنانەت لە کۆیلە گێلەکانیشیان خەمسارد و بێمنەتن، ئەی دەبێ، چی بەرنامە و خەمخۆریەکیان بۆ چینی کرێکار و چەوساوە هەبێ، کە زۆر لێیان توڕەن، کە دەنگیان پێنەداون و لە دڵەوە ڕەتیان کردونەتەوە و خستویاننەتە ژێر پێی نەهامەتیەکانیان.

ئەوان چ باکیان بە کرێکارێکی قوربەسەر هەیە، کە لە خانوە قوڕەکانی ئەوپەڕی شارە و لە هەفتەیەک دوو ڕۆژ کارێکی ئارەقڕژێن و پشتێشەی تا ئێوارەی دەست ناکەوێ. کرێکارێک لە شەشی بەیانیەوە دەچێتە مەیدانی کرێکاران، تا خاوەنکارێک لە هەشتی بەیانیەوە تا چواری ئێوارە بەرامبەر۲۰۰۰۰ دینار بیبڕەتێنێ و ئارەقەی شین و مۆری پێبڕێژرێ، تا ١١ی نیوەڕۆ چاوەڕێیە و هێشتا ئەو ئارەقڕشتنەی دەست ناکەوێ و سەرمایەدارێک بازووی ئەو ناخوێنێتەوە. ئێتر پارتی و یەکێتی چ باکیان بەو شەرمە هەیە، کە ١٢ی نیوەڕۆ دەگاتەوە ماڵ و دەڵێ" ئەمڕۆش کارم دەست نەکەوت"، وەک پیاوی ماڵ و کەسێکی بەشکۆ و نەشکاوە، ناتوانێ بە خێزانەکەی بڵێ، بۆ نیوەڕۆ چیمان هەیە!

ئەوان و ئەوانی سەرانی ڕەزاقورسی دەسەڵات باکیان بە مۆدێلە شەهوەتمرکێن و مەلا قاتیلەکانە، تا گەنجەکانیان بۆ بگەوجێنن و بخافڵێنن و نەچنەوە سەر ماف و ئازادیە پێشێلکراوەکانیان.

**بۆپێشەوە: سەرقاڵبوونی یەکێتی وەک هێزێکی سەرەکی لە کوردستان بە کێشە ناوخۆییەکان، و جموجۆڵە تاک لایەنەکانی پارتی بۆپێکهێنانی حکومەت لە بەغدا، ئاماژەیە بۆپێکهێنانی چ جۆرە حکومەتێک؟**

**بەهزاد موحسین:** من پێم وانییە لەبەر ئەوەی یەکێتی لە کێشە ناوخۆییەکانی ناوخۆی خۆی چەقیوە و پارتیش کە هێشتا کێشە ناوخۆییەکانی سەرگیراوە، ئیدی لە بەشدارییان لە حکومەتی بەغدا جیاوازیەکی ئەوتۆیان هەبێ، کە ببێتە جێی پرسیار و وەک دوو توخمی جیاواز لێکیان جیابکاتەوە. دیارە کە ئێران و تورکیا یەکێتی و پارتی وەک دوو داشی دامە دەجوڵێنێ، نەوەک هەر لە ئێراق، تەنانەت لە کوردستانیش.

کەواتە نە یەکێتی چاوبەست و تاریکەڕێیە لە بەشداری حکومەتی بەغدا، و نە پارتیش بەوەی بێ کێشەیە و بە سی و سێ کورسیەوە سەروەری و دەسەلاتی خۆی وەک هێزێزێکی کوردی بپارێزێ و کاری کوردانەی لەسەر بکا، هەر بە لای کەم یەکێتی و پارتی لە دەرەوەی هەرێم و لە حکومەتی بەغدا بریتین، لە ئەجێندای ئێران و تورکیا.

لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددامەوە زۆرترین کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن و پێکهێنانی حکومەتی بەغدا، ئەمریکا و ئێران بوونە و سعودیە و ئێرانیش دوای ئەوان، بەلام لەم هەڵبژاردنەدا تورکیاش بە هەمان گوڕ و لە ئێرانیش کاریگەرتر هاتە ناوەوە. کەچی لەبەر ئەوەی تورکیای دوای ئەردۆگان و بەسەرۆکبوونی ئەردۆگان و مەرامە سولتانیە ئیسلامیەکەی، ئێتر چێتر وێنەیەکی دیکەی ڕۆژئاوا و ئەمریکا نییە و خۆی بە هێزێکی سەربەخۆ دەزانێ و مەرامەکانی چەندە نەرمیش بێ، ئەوا لەگەڵ بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەم ناوچەیە و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دژ دەکەوێتەوە و بەرژەوەندیەکانیان بەریەک دەکەون، بۆیە کە تورکیا وەک یەکێ لە یاریزانە نوێ و بەهێزە هەرێمایەتیەکان هاتۆتە ناو ئێراق. ئەم کابینەیەی بەغدا لە ڕووی پێکهاتن و بەردەوامی قورسترین و زەحمەتترین دەبێ، لێرەوەش پارتی و یەکێتی نەوەک توانای مەرجدارییان بۆ کوردایەتی و خزمەتی هاولاتیانی هەرێم نابێ، تەنانەت لەوپەڕی گوێڕایەڵیدا دەبن و دیسان کاری سەرەکییان لە بەغدا بەڕکیان دەبێ.



# سادق عەزیز: ئەوەی شەرعی و یاسایيە لە کۆمەڵگەی بۆرجوازیدا هیچیتر نییە جگە لە ئامرازێکی دابینکردن و تێپەڕاندن و سڕینەوەی خودی چەمکی " شەرعییەت": تالآنی هێزی کار و ئیغتیسابی سەروەت و سامان ...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز (سادق عەزیز) سەرنووسەری ڕۆژنامەی ”ڕێچار“ سەبارەت بە (عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان)...

**بۆپێشەوە: بەشداری خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەرێژەی لە ٢٠% واتە ٨٠% لەسەدی خەڵکی عێراق، هەڵبژاردنیان ڕەتکردۆتەوە، ئایا هەڵبژاردنێکی ئاوا هیچ شەرعیەتێکی قانوونی هەیە؟ ئەو ئەندام پەرلەمانانە نوێنەری لەسەدا بیستی خەڵکن، لەبەرامبەر بە ڕەتکردنەوەی هەشتا لەسەدا، ئەمە چ خوێندنەوەیەکی بۆ دەکرێت؟**

**ساد‌ق عەزیز:** پێش ئەوەی بچینە ناو باسی شەرعیەتی ئەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەی کە لەم دواییانەدا ئەنجامدرا، سەرەتا پێویستە بە کورتی ئاماژەیەک بدەین بە بیرۆکەی شەرعییەت و یاساییبون لە ڕژێمە کۆمەلایەتییە چینایەتییەکان. لەوە دڵنیاین کە چەمکی مەقولات و ئایدیۆلۆجیا و ڕۆشنفکریی و سوننەت و یاساکان ڕەنگدانەوەی ناوەرۆکی چینایەتی کۆمەڵگە چینایەتییەکانن، کە ئەویش سود ئەبینێت لەم یاسا ڕۆشنفکرییانە و پەیوەندییەکی بابەتییانەی پتەو هەیە لە نێوانیاندا، و ئەم کارلێک و ڕەنگدانەوانە بەشێوەیەکی قوڵ و بنەرەتی ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری هاوچەرخدا کە لەسەر هەڵلوشین و تالآنی زێدەبایی ڕاوەستاوە. کەواتە ئەوەی شەرعی و یاسایيە لە کۆمەڵگەی بۆرجوازیدا هیچیتر نییە جگە لە ئامرازێکی دابینکردن و تێپەڕاندن و سڕینەوەی خودی چەمکی " شەرعییەت": تالآنی هێزی کار و ئیغتیسابی سەروەت و سامان. سیستەمی پەرلەمانی وەک یەکێک لە شکڵ و شێوەکانی سیستەمی بورجوازی، کە هەوڵئەدات بە دابینکردنی پەیوەندی کار و سەرمایە و بەرهەمهێنانەوەی وەبەرهێنانی سەرمایە، ڕەونەق و درەوشانەوەی خۆی چەندەها دەیەیە لەدەستداوە، و دیموکراسی بورژوازیی ئیتر هیچ شتێک ناگەیەنێت جگە لە دیکتاتۆرییەتی کەمینەیەک و هەژموندارێی پارتە بۆرژوازییەکان و کارتیلاتە دارایی و بانکی و پیشەسازییەکان و خولی وەبەرهێنانەوەی سەرمایە، سەرەڕای هاتوهاواریان لەبارەی بابەتی کەمینە و زۆرینە. کەواتە ئیتر چ " شەرعییەتێک "خۆی حەشارداوە لە پشت داماڵینی ئیرادەی جەماوەرەوە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و گەشەسەندنی و خنکاندنی گشت داهێنان و دەستپێشخەرییە جەماوەرییە شۆڕشگێڕانەکانیدا!. ئیحتیکاری پرۆسەی هەڵبژاردن لەلایەن پیاوانی خاوەنکار و بانکەکان و جەنەراڵەکان لە کۆنترین دەوڵەتە خاوەن ئەزموونەکان لە مومارەسەی پەرلەمانی تا ئەگاتە دەوڵەتە نەخشەبۆکێشراوە نوێیەکان" خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقاو ئەوانی تر" و لەسایەی کەشوهەوای سیستەمی جیهانی نیولیبرالیزمدا، درۆی دیموکراتی کردووە بە شتێکی واقعی و بابەتی بۆگەن. ئەتوانم بڵێم کە نەک هەر لەسەر ئاستی ناوخۆیی بەتەنها، بەڵکو لە ئاستی جیهانیشدا پێشوازیکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکان تەنانەت لە دەوڵەتە "پێشکەوتووەکانیشدا" تووشی پاشەکشەیەکی گەورەبووە، و ئەوەش ئاشکرایە کە دیاردەی گوێنەدان و پشتگوێخستن و خەمساردی لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردنەکان و بەشدارینەکردن لەلایەن هاووڵاتیانی ئەورووپییەوە چۆن بووەتە دیاردەیەکی سیاسی ڕوون کە ئاوێنەی نەمانی متمانەیە بە سیستەمی پەرلەمانی.

سەرەڕای ئەوەی کە تەمەن و مێژوو پرۆسە سیاسییەکانی پێشوی سیستەمی پەرلەمانی لە عێراق کۆن نین، بەڵام ئەم چەند خولەی پێشویی، جەماوەری کرێکار و گەنجانی عێراقی بە زوویی فێرکرد کە ئەم شکڵەی سیستەمی پەرلەمانی و پرۆسە سیاسییەکانی یەکێکە لە خراپترین و قێزەونترین و گاڵتەجارترین نمونەکانی دیموکراسی بۆرژوازیی بە شێوەیەک کە تەحەمول ناکرێت. لە ساڵی٢٠٠٣ەوە خول لە دوای خول ژمارەی بەشدارینەکردن بەرەو سەرەوە چووە، و دۆزی بایکۆتکردنی سیستەمی پەرلەمانی کە وێنای ڕژێمی تایەفەگەریی و پشک پشکێنەی هێزەبۆرژوازییەکان بوو، بەشدارینەکردنی هەڵبژاردن بووە هۆشیارییەکی کۆمەلایەتی فراوان و پایەدار. هەر بەم پێودانگەش غەلوخەوشی شەرعییەتدان ئەگەرچی "بۆرژوازییانەشە" لەسەر ئەم پرۆسەیە لە دوتوێی کەمینە و زۆرینە لە ئاستێکی فراواندا دەرکەوت کە هیچ شتێکی ئەوتۆ نییە جگە لە دیموکراسییەتێکی درۆزنانە و ئابڕوبەرانە. گەشەی هۆشیاری جەماوەری شۆڕشگێڕ لە ئەزمونەکانی ساڵانی پێشو، و دەستدانە خەباتی نارەزایەتی جەماوەریی فراوان بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠١٩ بە دواوە بەڕادەیەک متمانە کردنی بە سیستەمی پەرلەمانی بردە ئاستی نەمان.

> **دیموکراسی بورژوازیی ئیتر هیچ شتێك ناگەیەنێت جگە لە دیکتاتۆرییەتی کەمینەیەك و هەژمونداریی پارتە بۆرژوازییەکان و کارتیلاتە دارایی و بانکی و پیشەسازییەکان و خولی وەبەرهێنانەوەی سەرمایە...**

**بۆپێشەوە: پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوای هەڵبژاردنەکان چۆن دەبینن؟**

**ساد‌ق عەزیز:** لە بناغەدا هەڵبژاردنی پێشوەختە، لە ئەنجام (و لەژێر کاریگەریی) فراوانبوونەوەی پانتایی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان ئەنجامدرا، کە زیاتر و زیاتر قەیرانی سیاسی و ئابوریی ڕژێمی تایەفەگەریی و قەومی لە عێراق قوڵکردەوە بەشێوەیەکی گشتی، و بابەتی دەسەلاتدارییەتیش "حکومەت" بە شێوەیەکی تایبەتیتر. نەک هەر ئەمە بەڵکو" قەیرانی سازدانەوەی حکومەتیش" کاتێکی زۆری ویست تا هەلومەرجەکە هێور بووەوە، ئەویش بە دانانی کازمی دوای شکستخواردن و ڕوخانی حکومەتەکەی عادل عبدالمهدی. بناغەی کۆمەلایەتی و سیاسی ئەو قەیرانەی کە ڕژێمی سیاسی و کۆمەلایەتی عێراق دەرگیری بووە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قوڵتر ئەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە وا پێشبینی ئەکرێت پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە کاتێکی کەم، بە لانیکەمەوە تا بتوانێت کە کۆتایی بەو قەیرانە بهێنێت کە ئێستا دەرگیری بووە. هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بە هیچ جۆرێک نەیتوانی یارمەتیدەربێت بە سوککردنەوەی قەیرانی سیاسی ئێستا، بەڵکو قوڵی و توندی ئەو قەیرانەی کە بۆرژوازی و پارتەکانی و هەموو هێزە سیاسییەکانی بەدەستییەوە ئەناڵێنێت و قەیرانەکەی زۆر زیاتر قوڵتر کردووەتەوە. هەموو هاوکێشە و هەوپەیمانییەکانی پێشوو ئاڵوگۆڕیان بەسەرهاتووە، لەبەرئەوە دیاردەی بوون و قوڵبوونەوەی قەیرانەکان سەرەکین و هەر ئەویش کۆنترۆڵی سروشتی حکومەتی داهاتوو ئەکات، ئەگەر شانسی بوونی هەبێت.

> **هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ بە هیچ جۆرێك نەیتوانی یارمەتیدەربێت بە سوککردنەوەی قەیرانی سیاسی ئێستا، بەڵکو قوڵی و توندی ئەو قەیرانەی کە بۆرژوازی و پارتەکانی و هەموو هێزە سیاسییەکانی بەدەستییەوە ئەناڵێنێت، قوڵتر کردۆتەوە...**

**بۆپێشەوە: حکومەتی داهاتووی عێراق، وەکو حکومەتەکانی پێش خۆی لە ژێرکاریگەری دەستێوەردانی ولآتانی ناوچەکەدا پێک دێت، یان دەتوانێت لانی کەمی سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت؟**

**ساد‌ق عەزیز:** ئەوەی کە تەحەکوم بە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەند ئەکات لە سیستەمی فیدرالی ئێستادا، بە هیچ جۆرێک پەیوەندی نییە بە بابەتی جیاکاری قەومی و مافی نەتەوایەتییەوە یا بە فیدرالییەتەوە، کەوایە پاراستنی دەوڵەتی فیدرالی یا بەرگری لە مافی قەومی و دەسکەوتە قەومییەکان لەباری واقعی و بابەتییەوە بەهیچ جۆرێک گرفتی پارتە بۆرژوازییە کوردی و عەرەبییەکان نییە، و ئەم بیروڕاو بۆچونانەش تەنها لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە چینایەتییەکانیاندا بلاوئەکەنەوە و پەرەی پێئەدەن، نەک هیچ شتێکی تر. لە ڕاستیدا ئەوەی تەحەکوم بە پەیوەندی هەرێم و ناوەند ئەکات لە ناوەڕۆکدا بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری هەردوو جەمسەرەکەی بۆرژوازین لە عێراقدا. دابەشبوون و ڕکابەرییان لەسەر

**له سایه‌ی ئه‌و گه‌شه‌سه‌ندنه‌ سیاسی و ئابوریيه‌ جیهانیانه‌ی سه‌رمایه‌ و سیسته‌می سه‌رمایه‌داری هیچ جێگاوڕێگایه‌ك نه‌ماوه‌ته‌وه‌ بۆ سیاده‌ی نیشتیمانی و ناسیونالیستی و سه‌ربه‌خۆیی نیشتیمانی...**

دەستبەسەراگرتن و پاوانکردنی سەروەت و سامان و نەوت و دەستکەوتەکانی دەروازە سنورییەکان و خێروبێری کۆمەڵگەیە. هەریەکە لەو دوو لایەنە دوای ستراتیج و سیاسەت و ئابوری تایبەت بە خۆیان کەوتوون، ئەو ئیستراتیجییەتەی کە هەڵگری دورنمای هەرێمایەتی-جیهانی و ناوخۆیی خۆی هەیە هەریەکە بەپێی خۆیان. لە سێبەری ئەو قەیرانە سیاسییەی کە ئێستا هەیە، دۆزی ڕێککەوتن و پێکهاتنی سیاسی کارێکی قورسە، نەک هەر لە نێوان ناوەند و هەرێم، بەڵکو لەناو بەرەی ماڵی کوردی و ڕیزەکانی کوردایەتیشدا ماڵێک و ڕیزێکی یەکگرتوو نەماوەتەوە، ئیتر لەو کاتەشدا باسی ماڵی شیعە و یەکێتی نیشتیمانی عێراق هەر ناکەین. قوڵی قەیرانی ئێستا بەشێوەیەکی ساناو سادە وێنا ئەکات لە تێکەڵوپێکەڵی و لێکترازان و جیابوونەوەی گشت ڕەنگ و لایەنە جۆراوجۆرەکان. لەبەر ئەمەشە کە جێگاوشوێنی حکومەتی هەرێم لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا لە بنەچەدا بەستراوەتەوە بە ڕازیبوونی ناوەند و ئاستی ڕێککەوتنە ئابوری و دارایی وگومرگییەکان لە ڕێی دۆزینەوەی هاوپەیمانێتییەکی نوێ بەپێی بەرژەوەندی هێزە بۆرژوازییە کوردییە قەیرانگرتووەکان و ئیتر هیچ جێگاو ڕێگایەک نییە بۆ ئەندێشە و مەئساتی ملیۆنەها هاوڵاتی کورد لەم سەفەقاتانەدا.

**بۆپێشەوە: چەندین خۆپیشاندان بەدژی ئاکامی هەڵبژاردنەکان لە بەشێک لە شارەکانی عێراق دەستی پێکرد، ئەم خۆپیشاندانانە تا چەندە کاریگەری لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

**سادق عەزیز:** لە سایەی ئەو گەشەسەندنە سیاسی و ئابورییە جیهانیانەی سەرمایە و سیستەمی سەرمایەداری هیچ جێگاوڕێگایەک نەماوەتەوە بۆ سیادەی نیشتیمانی و ناسیونالیستی و سەربەخۆیی نیشتیمانی، ئەم ڕوانگەیە جارێکیتر خراپترە لەوانەیتر کە پیربوون. پارێزەرانی سیادەی نیشتیمانی خۆیان سیادەی دەوڵەتەکانی تر ئەشکێنن هەرچۆنێک پێیانخۆشبێت و لەبەرژەوەندییان بێت، وەک چۆن زۆربەی دەوڵەتە پارێزەرەکانی تیرۆر و تۆقاندن جەنگ بەرپائەکەن و تەدەخول ئەکەن لەژێر دروشمی بەرهەڵستکاری تیرۆر. ئەو گرێوگۆڵە جیهانیانەی گەشەسەندنی سەرمایە دۆزی تەحقیقکردنی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەی جیهانی بەستووەتەوە بە کەناڵی ڕێککەوتنی بەرژەوەندی هێزە ناوچەیی و ناوخۆییەکانەوە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی زلهێزە جیهانییەکان. هیچ شتێک نەماوەتەوە بە کلکایەتیکردن و بەکرێگیراو بناسرێنرێن بەو ڕێژەیەی کە هاوتابێت لەگەڵ بەرژەوەندیی و بەدەستهێنانی بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و سەرمایەی جیهانی. ئەم حکومەتە نوێیەش، خراپتر لە حکومەتەکانی پێشوو، شانۆی سیاسی بەکراوەیی ماوەتەوە بۆ هێز و جەمسەرە جیهانییەکان وەک کەناڵێک بۆ تێپەڕاندنی بەرژەوەندییەکانیان و هاوتایی دروستکردنێک لەگەڵ هێزە ناوخۆییەکان. بۆیە هەر ئیدیعایەک بە پارێزگاریکردنی سیادەی عێراق و دورخستنەوەی لە ململانێی دەرەکی دەوڵەتان لە گۆڕەپانی سیاسی لە عێراق هیچ نییە جگە لە درۆیەکی شاخداری ئاشکرا و وەهمێکی گەورە. لەبەر ئەوە بوونی"دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەت و جەمسەرە جیهانییەکان" بوووە بە کارێکی واقعی و بەشێک لە سیستەمی جیهانی.

**بۆپێشەوە: مقتەدا سەدر دەڵێت "دەبێت ملیشیاکان هەڵبوەشێنەوە، تا چەندە لاتان وایە میلیشیا چەکدارەکان هەڵدەوەشێنەوە، بە میلیشیاکانی سەدریشەوە؟**

**سادق عەزیز:** بێگومانین لەوە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ئەوەی دەرخستووە کە ئاڵوگۆڕێک لە نەخشەی سیاسی هێزەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق ڕویداوە و بەردەوامیشە لە ئاڵوگۆڕدا. ژمارەی دەنگەکانی هەندێک لە هێزەکان کەمی کردووە لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئەوانی تر لە بەدەستهێنانی کورسی پەرلەمانی تازە. ئەم ئەنجامانەش جێگای ڕەزامەندی هەندێ لە "هێزە دۆڕاوە" شیعی و میلیشیاییەکان نەبوو، بۆیە بەپەلە باڵی "ڕەوتی لایەنگرانی ئێران" لە هێزە شیعییەکان یەکەمجار تانەیان دا لە ئەنجامەکانی هەڵبژاردن و دواتریش شەقامیان کرد بە ئامرازی دەستیان بۆ نارەزایەتی دەربڕین. بابەتی سەرەکیش لەم دیاردەیەدا، کە بۆچی ئەم هێزە کۆنەپەرست و میلیشیاییانە دەستییان برد بۆ ئەم ئامرازە و دەستیان نەبرد بۆ توندوتیژیی و چەک؟ ئەوەبوو کە ئەم هێزانە ناتوانن بە شێوەی سەربازیی و میلیشیایی ڕوبەڕوی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن ببنەوە لە سایەی هەلومەرجی ئێستادا، بۆیە پەنایان برد بۆ ئامرازی خەباتکارانەی جەماوەریی (نارەزایەتی و خۆپیشاندان) و تووشی وەهم هاتن کە وەک ئامرازێکی جەماوەری خەباتکارانەی کاریگەر بەکاریبهێنن، و ویستیان ئەزمون و کاریگەرییەکانی بۆ ململانێیەکانیان بەکاربێنن و پێیان وابوو ئەتوانن سود وەرگرن لە ئەو هێزەی کە (حکومەتەکەی عبدالمهدی تێک ڕوخاند) و لە لایەکی تریشەوە ئەم ئامرازە خەباتکارانەیە "پیس و بەلارێدا بەرن" و فرسەتێکیش بدەنە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا تا هێز بەکار بهێنێت بۆ سەرکوت و داپڵۆسینی خۆپیشاندانەکان و بەلارێدابردنی خەسڵەتە شۆڕشگێڕانەکەی.

ئەم نارەزایەتییە کۆنەپەرستانەی میلیشیاکان هیچ نییە جگە لە ئامرازێک و فشارێک بۆ گەشتن بە دەسکەوتی باشتر لە حکومەتی داهاتودا یا لە هاوکێشەی هێزە تازەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق.

**بۆپێشەوە: چۆن دەڕواننە لێدوانی مقتەدا سەدر سەبارەت بەوەی دەڵێت "حکومەتێکی نیشتیمانی پێکدەهێنین  کە دوور بێت لە پشک پشکێنەی قەومی و تایفی؟**

**سادق عەزیز:** ئەوە ڕون و ئاشکرایە کە ڕەوتی سەدریی هێزێکی میلیشیایی گەورەی هەیە و خاوەنی سەربازگە و شمەکی سەربازی و گەنجینەی عەتاد و تەقینەی زۆرە و ناتونرێت لەبەرچاو نەگیرێت و فەرامۆش بکرێت، بەنمونەش (ڕوداوی تەقینەوەکەی کە لە یەکێک لە حسەینییەکان لە مەدینە سەورە چەند ساڵێک پێش ئێستا ڕویدا) . لە ڕاستیدا ناتوانین دیاردەی ئامادەیی میلیشیایی هێزە سیاسییەکان لە عێراق دابڕین لە دەرکەوتن و بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی هێزە بۆرژوازییە عێراقییەکان لە بڕگەی سیاسی عێراق، هێزە قەومی و دینییەکان باڵ و پایەی سەربازی بەهێزیان هەیە. مێژوی ڕەوتی سەدری لەو کاتەوەی کە دەرکەوتن بە بینینی ڕۆڵی "دژایەتیکردنی ئەمریکا و داگیرکەر" و بەشێوەیەک دەرکەوتن بەو ئیعتیبارەی هیزی سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنن لە پرۆسەی سیاسیدا و هەستی دژایەتیکردنی ئێران و ئەمریکایان لە ناوچەکەدا قۆستەوە، و بێهودە هەوڵیاندا بە سواربونی شەپۆلی جولانەوەی جەماوەری و ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و کاتێکیش سەرکەوتوو نەبوو لەم هەنگاوەیاندا لۆمپن و بەڵتەجییەکانی هێرشی دڕندانەیان کردە سەر ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و چالاکوانەکانی جولانەوەکە و دەستیانکرد بە ڕفاندن و لێدان لە گۆڕەپانەکان و بەسەر ماڵەکانیاندا دان. ئەم ڕەوتە بە هیچ جۆرێک نەک هەوڵی چەکداماڵین و کۆتایهێنان بە بوونی حشدی شەعبی نەداوە، بەڵکو مانەوەی بەتەواوی پابەند بووە بە مانەوەی سەرایای سەلام و پیاوەکانی (میلیشیابوونی کۆمەڵگە).

**له ڕاستیدا ناتوانین دیارده‌ی ئاماده‌یی میلیشیایی هێزه‌ سیاسییه‌كان له‌ عێراق دابڕین له‌ ده‌ركه‌وتن و بوونی كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی هێزه‌ بۆرژوازییه‌ عێراقییه‌كان...**

تایبەتمەندێتی سەرەکی و بناغەیی ڕەوتی سەدری بریتییە لە تایەفەگەرێتی شیعی چەکدار. یەکێکیش لە ڕەوشەکانی ئەم قەیرانە کە کۆمەڵگەی عێراق بەدەستییەوە گیرۆدەیە، ئەگەڕێتەوە بۆ بوونی بالادەستی و زاڵیی دەوڵەتانی دراوسێ و ناوچەکە و گۆڕینی عێراق بە یەکێک لە گرنگترین میحوەرەکانی کێشمەکێشی نێوان هێزە سەرمایەدارییە جیهانی و ناوچەییەکان. هەستی دوژمنایەتی لە گەڵ خۆرئاوا و ئەمریکا و دەوڵەتانی دەوروبەر، بە دیاریکراوییش (ئێران)، جیانابێتەوە لەو بڕوایە کە ڕێککەوتنی هێزە ناوخۆییەکان لەگەڵ ئەم هێزە ناوچەیی و جیهانیانەدا و کە ئەویش بۆخۆی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بووەتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی دامرکانەوە ئیستیقرار و ئاسایش و هێمنی ئەم وڵاتە، و لەبەرئەوە دروشمی "وڵاتم ئەوێت" سەرەڕای بەرتەسکی ئەو ئاسۆیەی کە ئەم دروشمەی لێ هەڵهێنجراوە، خۆبەخۆ لە بناغەوە هەڵقوڵاوە لە هەستێکی سادەی ڕەتکردنەوەی ئەم هێزانە. لەبەر ئەوە ڕەوتی سەدریی هەوڵی داوە بۆ قۆستنەوەی هەست و سۆزیی جەماوەری عێراق کە بریتییە لە ڕەتکردنەوەی هێزی دەرەکی و هەوڵدان بۆ دۆزینەوە و پەیداکردنی وڵاتێکی بە ئاسایش، کە ئاشتی و خۆشەویستی باڵ بکێشێت بەسەریدا، ڕەوتی سەدریش هەوڵیدا ئەم هەست و شعورەی جەماوەری عێراق بقۆزێتەوە و دەستیکرد بە پڕوپاگەندەی درۆزنانەی دروستکردنی حکومەتی نیشتیمانی سەربەخۆ و دور لە تایەفەگەرێتی و قەومپەرستی!! و وەهمی دامەزراندنی حکومەتی نیشتیمانی ناتایەفەگەریی ناقەومی کە کۆمەڵگەی عێراق ڕزگار دەکات لە ئەندێشە و ئەو ئازارانەی کە بەدەستییەوە ئەناڵێنێت، و لە دەست قەیرانی ئابوری خنکێنەر ڕزگاری ئەکات و بە چەندەها درۆ و دەلەسەی تری وەک نەهێشتنی بێکاریی و هەژاری و نەبوونی و دابینکردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانێکی شایستە. هەموو ئەو وەهمانەبوون کە خەباتی جەماوەر لەچەند ساڵی ڕابردودا تێکی شکاندبوون و بەدیاریکراویش ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری نەکوژاوە. ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر لە عێراقدا نموونەیەکی نوێی ژیان و ڕزگاربوونی دۆزییەوە، و بەردەوامیشە.

## درێژەی...خەباتی شۆڕشگێری بۆ ڕامالینی فاشیزمی بنەماڵەیی

بدات، بەڵکو پێویستە ئەرکە لەشوێنێک بکرێتە خەباتی شۆڕشگێڕانەی کرداری مەیدانەکانی خیابان و شەقامەکان.

* ئەوە زۆر ڕاستە کە شۆڕش و خەباتی شۆڕشگێڕی بەکەسی ترسنۆک و خۆپارێز ناکرێت، بەڵکو ئیرادەی پۆڵاین و ئازایەتی ئەوێت، پێویستە مرۆڤی شۆڕشگێڕ دەست هەڵبگرێت لەقازانجە کەسێتی و بەرژەوەندییەکانی، تەنها ئەرکی ئەوەبێت کە بەرژەوەندی و سوودی کرێکاران و چەوساوەکانی کۆمەڵگە لەتێکۆشانیدا لەبەرچاو بگرێت .

* ئامانج لەگۆڕانکاری کۆمەڵگە ئامانجەکانی پێداگیریە لەمافەکانی کۆمەڵگە لەڕووی چینایەتیەوە بەمەبەست ناساندنی چینی سەرمایەدار لەپرۆسەی بەرهەمهێنان و وەگەڕخستنی ملیۆنی کۆیلایەتی لەچینی کرێکار بۆ ئامانجی قازانجی سیستەمی سەرمایەداران و تالانچییەکانی کوردستان .

* پێویستە ئێمەی کۆمۆنیست و ئازادیخوازو یەکسانیخوازان بەهەرجۆرێک لەدەستمان دێت پشتیوانی ئەم جۆرە خەباتە شۆڕشگێڕییە بین لەناو کۆڕی نارەزایەتییەکانەوە شەپۆلەکانی شۆڕشگێڕی گەشە پێبدەین بەئامانجی ئەوەی کە ڕۆژ دوایی ڕۆژ بەهێزتر وکاریگەرتر بێت. سەرجەم نارەزایەتییە جەماوەرییەکان بۆ ئەوەی هەرچی زووتر ببێتە بزوتنەوەیەکی بەهێزی جەماوەری چینایەتی کەڕاستەوخۆ پێشڕەو ڕابەڕانی نارەزایەتی لێهاتوویی شۆڕشگێڕ بێنێتە سەرپێ و لەدایک ببن و ئاسۆیەکی نوێتر و گەشتر بەدی بێت تا ببنە ڕابەرو ڕێنیشاندەری هێنانەدی کۆمەڵگایەکی باشتر. کەوایە لەئێستاوە وەرنە مەیدان بۆ گەشەدانی خەباتی شۆڕشگێڕی لەدژی چەوسانەوەو نایەکسانی و دزی وگەندەڵی. هەتاوەکو دوای ڕوخانی سیستەم و دەسەڵاتی فاشیزمی بنەماڵەیی، خەڵک خۆی لەڕێگای شوراکانییەوە ئیدارەی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرێت...

# له بۆپێشەوەوە

*** بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.**

*** بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێك بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو وبیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.**

*** بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە لە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.**

*** درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.**

**ئەولەویەت بۆ بابەتی کورتە**

*** هیچ بابەتێك بە زمانەکانی عەرەبی، فارسی، ئینگلزی... وەرناگرێت و خاوەنی بابەتەکان بەرپرسن لە وەرگێرانیان بۆ زمانی کوردی...**

*** بۆپێشەوە بەرپرس نییە لە هەڵەی ئیملایی و ڕێنووسی ئەو بابەتانەی بۆی دێت... هەڵەبڕی ئەرکی خاوەن بابەتەکانە...**

## درێژەی دوا وتە

لەڕێگادا توشی دەبن. بەرداشی برسێتی و بێکاری و گرانی و سەرکوت و بێمافی، لەو بەرداشە بەقورستر نابینن کە لەڕێگای هات و نەهاتدا، توشی دەبن.

٣٠ ساڵە ئەو دەسەڵاتە بەتایبەتی پارتی و یەکێتی و ١٠ ساڵ زیاترشە بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکان بەکارنامەیەکی ڕەشتر لەرەش کە تۆماریان کردووە، هیچ ڕۆشنایەکیان بۆ ژیانی زوربەی هەرەزۆری کۆمەلگە، بەتایبەتیش بۆلاوان نەهێشتۆتەوە، جگە لەسەرهەڵگرتن و جێهێشتنی "نیشتیمان"!! یان بەرەنگاربوونەوەیەکی زبری بەردەوام.

ئەو شەپۆلی ڕۆشتن و جێهێشتنە بەکۆمەڵەی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا بەرەنگارییەکی سلبییە و "نا" یەکی نیگەتیفە بە دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی، بەڵام هاوکات تەعبیرە لە نەویستی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و دەسەڵاتەکەیان و دەچێتە خانەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەرییەوە کە لەسەراسەری کوردستاندا قوڵپ دەدات. بەڵام دیارە بەرەنگاری دەسەڵات، سەنگەر لێدان لە ناوخۆ، دەست خستنە ناو دەستی یەک، پەیوەست بوون بە بزوتنەوەی ئومێدەوە بۆ ئاڵوگۆڕ، کۆبونەوە لەدەوری سیاسەت و ڕێگاچارەی شۆڕشگێرانە، بەرەنگاری ئیجابی و خەباتی پۆزەتیفە... نەک جێهێشتنی کوردستان و پشت خاڵی کردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری چین و توێژە بێبەشەکانی کوردستان بۆ ژیانێکی باشتر.

جێهێشتنی وڵات پرسێکی تایبەت بەخەڵکی کوردستان نییە، بەڵکو پرۆسیسێکی بەردەوامی هەموو ئەو وڵات و دەوڵەتانەیە کە هاوڵاتیانی ڕووبەڕووی برسێتی، بێکاری، سەرکوت و دیکتاتۆریەت، جەنگ، ناسەقامگیری سیاسین... ئەوەی ڕۆشتنی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان جیا دەکاتەوە لەهی زۆر وڵات و دەوڵەتی تر، بوونی چەندین هۆکارە بەیەکەوە. ئەگەر لە وڵاتێکدا خەڵک بەهۆی سەرکوت و دیکتاتۆریەتەوە، یان بەهۆی جەنگ و نائارامی و یان بەهۆی نەبوونی کار و برسێتیەوە، هاوڵاتیان ناچار بە هەڵبژاردنی ڕێگای ڕۆشتن بۆ وڵاتانی تر ببنەوە، ئەوا خەڵکی کوردستان لەیەک کاتدا، هەم ڕووبەڕوون لەگەڵ دەسەڵاتێکی سەرکوتگەر کە خەڵک بۆداوای نان و ئاو کارەبا و موچە دەداتە بە دەستڕێژی گوللە و لە زیندانیان توند دەکات، هەم برسێتی و بێکاری و نەبوونی تەنگی بە ژیانی هاوڵاتیان هەڵچنیوە، هاوکاتیش ئارامیەکی سیاسی سەقامگیر و دورمەودا لە ئارادا نییە و دەستێوردانی دەرەکی و جەنگی بەوەکالەت تیادا بەڕێوەدەچێت...

ئەم دۆخە وای کردووە زیاد لە هۆکارێک و زیاد لە تورەیەک و کاردانەوەیەک لەسەر یەک کەڵەکە بن، کە خەڵک ناچار بکات بەهەر بەهایەک بووە سەری خۆی هەڵبگرێت و ئەو دۆزەخە بەجێ بهێڵێت کە بۆیان سازکراوە.

جەماوەری بێبەشی کوردستان بەگشتی و لاوان بەتایبەتی، کاتێک دەبینن، کوڕ و کچی بەرپرسە حزبی و حکومیەکان و بنەماڵەکانی دەسەڵات، بەهەشتیکی ناوازەیان لەسەر زەوی بۆخۆیان خوڵقاندووە، وە پاوانی دەسەڵات و جومگە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەیان کردووە، لە زانکۆ و ناوەندە گەورە و ناوازەکانی دنیادا، وانەی ڕابەری و سەرۆکی دەخوێنن و دەرس دەدرێن و باوک و باوانیشیان سیستەمێکی وراسیان بۆیان دارشتووە، ئومێدێک بۆ ئێستا و ئایندەیان نابینن یان سەختی تێپەراندنی ئەم دۆخە دەخوێنەوە بۆیە بڕیاری جێهێشتنی کوردستان دەدەن.

ئەوەی ئێستا لەسنورەکانی بیلاروسیا و پۆلەندا دەگوزەرێت، نزیک بە ٣٠ ساڵە لەدەیان سنوری تردا، بەتایبەتی لە سنورەکانی عیراق- تورکیا... تورکیا-یۆنان و دوبارە دەبێتەوە. ئەو کارەساتە ئینسانیەش، بەجیا لە مامەڵەی نائیسانی و درندانەی پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانی سنور و وڵاتانی ئەوروپا لەگەڵ پەنابەران، هاوکات رووی دزیوی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی نمایشی دنیا دەکات.

لە زوربەی زۆری وڵاتانی پیشکەوتووی دنیا و ئارام و کراوەدا، لاوان و هاولاتیان بۆ بردنە سەری توانایەکانیان، بۆ خوێندن و ئاشنا بوون بەزانست و بوارەکانی پیشکەوتنی کۆمەلایەتی سیاسی و ئابوری و داهینانەکانیان، یان بۆ پشو حەوانەوەیان.... بە ئازادانە دنیا دەگەڕین و لەزەت لە ژیانیان دەکەن یان بەدوای ژیانی باشتردا دەگەڕین... بەڵام خەڵکی کوردستان و جەماوەرە فراوانە بێبەشەکەی بەهۆی سەندنەوەی ژیان لێیان بەدوای ژیاندا وێڵن.

دروستکردنی ژیان، دۆزینەوەی ژیانی باشتر... لەرێگای جیهشتنی دۆزەخی ژێر سایەی دەسەڵاتی و پارتی و یەکێتی و بۆرژوازی کوردا، مەیسەر نابێت... بەڵکو لەرێگای خەبات و تێکۆشان و راماڵینی ئەم دەسەڵاتە مەیسەر دەبێت... وەلانانی ئەم دەسەڵاتەو بنیات نانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد و خۆشگوزەران و ئارام، بە بەشداری راستەوخۆی ئیرادەی جەماوەری، هەم دەتوانێت ژیانێکی باشتر و دنیایەکی باشتر بسازێنی و هەمیش بواری ئازادانە بە هاوڵاتیان و لاوانی دەدات کەی ویستیان گەشت بکەن و بەدوای زانیاری و ئاشنابووندا بگەڕێن یان بۆ پشو برۆن یان بیانەوێت شوێنی ژیانیان بگوازنەوە.

**ناوەراستی نۆڤەمبەری ٢٠٢١**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:بۆناردنی بابەتو پەیوەندی:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، هەتاو عەبدوڵاهی، عەبدوڵا محمود، هیوا ساڵح، کاوان قادر،جەمال نوری، شوانە حەسەن ئەبوبەکر، خالید بایەزیدی،حەکیم میرزا، عبدالرحمن رسوڵ....

## لەگەڵ دۆسیەکی تایبەت سەبارەت بە"عێراق و کوردستان دوای هەڵبژاردنەکان"

## چەند شیعریکی/ خالید بایەزیدی(دلیر)



منالەکەم
کاسەی بە تاڵ دەلێستەوە
فرمێسک لە چاوەکانم دا
قەتیس ببوو
بە منالەکەم دەڵێم:
ڕۆڵە گیان
هەستە با بڕۆینە کەنار دەریا
لەگەڵ ئێمە....
درۆیان کردووە
....................................
کاتێک کە ڕۆیشت
هیچ کات
نەگەڕایەووە

ئای چەندە لە کۆچی
باڵندەکانی پاییز دەچوو
....................................
خوزگایە
بمان توانیایە
ژیانمان
لەسەرمایەدار
ستاندبایەوە
ئەوکات خەمی نان
ئەفسانەیەک دەبوو
لە چیرۆک و ڕۆمان
....................................
من منالێکی بیست ساڵانەی کرێکارێکم
ئێستاش هیچ گەورە نەبووم
هەر منالە هەژارەکەم
لە شەقامەکان

بۆیاغ چیم
عەلاگە فرۆشم
ئاو فرۆشم
بە تاڵان ژیان دەفروشم
ئاواتە نەپشکووکانم
لەبەرچاوی هاوڕێکانم
بێ ئەوەی گەورەبن
یەکە یەکە دەفروشم
....................................
کرێکارانی شارەوانی
لە بەیانێکی زستاندا
مادەکانی یاسای کارییان
ئاگر تێبەردەدا
تاکوو دەستە سارد و سەرماکانیان
گەرم ببێتەوە

## بەرهەمی تازەی هونەرمەند هیوا ساڵح





## دوا وتە

# وێڵ بوون بەدوای ژیاندا

عەبدوڵا مەحمود

شەپۆلی بەردەوامی خەڵکی کوردستان بەگشتی و لاوان بەتایبەتی بەرەو وڵاتانی ئەوروپا و دنیای دەرەوە، گەڕانی ئینسانی کوردە بەدوای ژیاندا. ژیانکردن لە کۆمەڵگەی کوردستان لە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکیش و نەدار، سەندراوەتەوە.



ژیان، بەمانای بەهرەمەند بوون لەسەرەتاییترین ویستەکانی ئینسان، کار، پۆشاک، شوێنی حەوانەوە، کەشێکی ئارام، بڕیک ئازادی و کەمێک شکۆ و بەها و سەربەخۆی و ئازادی فەردی.

بەهەر پێوانەیەک تەماشای کۆمەڵگەی کوردستان بکەیت، دەسەڵاتی سیاسی و تالانچی بزوتنەوەی کوردایەتی، هەموو ویستەکانی جەماوەر کریکارو نەداری کوردستانی کردۆتە خەیاڵ. سەرەتاییترین داخوازی و ماف و ئازادییەکانی ئینسان، بوونەتە قوربانی چاوچنۆکی و کەمایەتیەکی کەمی حزبی و بنەماڵە دەستڕۆشتوەکان... ئەوان لەسەر سامانێکی کەڵەکەبووی بێشوماری نایاسایی و سەرچاوەگرتوو لە دزی وتالانی و برسیکردنی زوربە، دانیشتوون. ئەم دەسەڵاتە سەدان و هەزاران پلانی بۆ دزی و تالانی، بۆ برسیکردن و نان بڕین، بۆ قفڵدانی ئازادی و ئازادییەکان، بۆ پایماڵکردنی مافە فەردی و مەدەنیەکان، بۆخاڵیکردنەوەی سفرەی چینی کریکار و جەماوەری بێبەش هەیە، بێئەوەی تاکە پلانێکی بۆ دابینکردنی سەرەتاییترین ویستو داخوازییەکانیان هەبێت.

لەو نێوەدا لاوان، قوربانیانی سەرەکی ئەم دۆخەن. کۆمەڵگەی کوردستان کە زیاتر لە سەدا ٦٠ ی لاوانی ئامادەبەکارن، خاوەن شەهادەو دەرچووی زانکۆ و پەیمانگاکانن، هیچ ئاسۆ و دەروویەک بۆ داهاتوویان نییە. ئایندەیان ناروون و خەونەکانیان، لەبەین دەبرێن. ئەو دۆخە لە نەبوونی، بێکاری، گرانی و هەژاری لەلایەک و سەرکوت و ترس و تۆقاندن بۆ وەڵامدانەوە بەداخوازییە زۆر سادەکانیان و لە زیندان توندکردنیان، بۆتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ڕۆشتنی بەردەوام و بەلیشاویان بۆ دەرەوەی کوردستان. تەنانەت باکیان بەو هەموو سەختی و پرۆسە ترسناک ئامێزە نییە کە

بۆ لاپەڕە 12